# دەقی دادگاییکردنی
# پێشەوا قازی محەممەد، سەدر و سەیفی قازی



دەربارەی دادگاییکردنی پێشەوا قازی محەممەدو سەدرو سەیفی قازی، گەلێک وتراوەو نووسراوە; دیارە ئەم نووسینانە دوو دەستەن، دەستەی یەکەم ئەو کەسانەن کە ویستوویانە ئەو مێژووە بشێوێنن و بە پێی بەرژەوەندی دوژمنانی کورد، ئاکار و قسە و شتی دوور لەو زاتانەیان نووسیوە و هەوڵیان داوە ئەو مێژووە بشێوێنن کە دیارە بەری رۆژ بە بێژنگ ناگیرێ و بەڵگەشمان دڵسۆزی و خۆشەویستی گەلی کوردە بە قازییەکان و ڕێبازە پیرۆزەکەیان.

دەستەی دووەمی ئەم نووسەرانەش ئەو بەرێزانەن کە یان لە رووی دڵسۆزییەوە شەونخونیان چەشتووە تا کون و کەلەبەرە شاراوەکانی ئەو کارەساتە، واتە رووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەواکەی ئاشکرا بکەن، بەڵام ئەوەی کە ئێستالەبەردەستی ئێمە دایە، دەقی ئەو نووسینەیە کە بە قەڵەمی سەروان کیومەرس ساڵح، هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران، کە دیارە خۆی لە دادگاییکردنەکەدا ئامادە بووە، دەقی ئەم دادگاییکردنەی وەکوو وێژەنامەیەکی تایبەت چاپ کردووە و بەسەر ئەفسەرانی گەورە و جێگای دڵنیایی شا و پایەبەرزانی حکومەتدا بەش کراوە، ئەویش زۆر بە نەهێنی.

هەر لەم ژمارە تایبەتەدا کە بە ناوی "تاڵ کیانی" نووسراوە، لە "ستاد" بنکەی ناوەندی فەرماندەری ئەرتەش بە ئەرشیڤکراوە، ئێمەش وەرمانگرتووە و پاچڤەمان کردووە

بۆسەر زمانی کوردی. گرنگی ئەم بەڵگەنامەیە لەوەدایە کە سەروان کیومەرس ساڵح وەک هەواڵدەرێکی چالاک و چابوک خۆی لە دادگاییکردنی پێشەوا قازیو سەدرو سەیفدا بەرهەà بووەو لەبەرئەوەی خوشکەزای سەرلەشکر فەرەیدون جەم بووە کە ئەویش مێردی شەمسی خوشکی شای ئێران بووە، بۆیە جێگەی باوەڕو دڵنیایی دەرباری شای ئێران بووە. لەم سۆنگەیەوە هەموو بەڵگەنامە و نامە نهێنییەکانی شای ئێران لەژێر دەستی سەروان کیومەرس ساڵحدا بووە تاکو ناوە بە ناوە هەندێکیان لە نامیلکەی تایبەتیدا بۆ بەرپرسانی سەربازی چاپ بکرێن یاخود دوای رێکخستنیان ببرێنە نامەخانەی نهێنی لەشکری ئێران.

دیارە ئەم چاپکردنەش بۆ ورەدان و دڵگەرمی ئەفسەرانی لەشکری ئێرانی بووە، هەروەها ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو نامانە یاخود ئەو رۆژنامانەی چاپ دەکرێن لە کۆتایی ساڵدا هەموویان کۆ دەکرێنەوە و لەلایەن ئەرشیڤخانەی سەرکردایەتی لەشکرەوە چاپ دەکرێن و دەپارێزرێن. ئەوەی بەردەستان، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، دەقی ئەو نووسراوەیە کە لە دەقی دادگاییکردنی قازییەکان وەرگیراوە و لەو وێژەنامەیەدا چاپکراوە.

سەروان کیومەرس ساڵح دەنووسێ: "لە دوای تەواوبوونی دادگاییکردنی قازییەکان و لەسێدارەدانیان، تەواوی ئەو رووداوەم بێ کەم و زیاد لە ماهنامە (مانگنامە)دا چاپ و هەواڵە گرنگەکانیشم لە رۆژنامەکەی تاU کیانیدا چاپ کرد، بەڵام پێش ئەوەی بکەوێتە بەردەست و بڵاوببێتەوە، منیان بۆ دادگای ئەرتەش بانگ کرد. لەوێ پێیان گوتم تۆ بە تاوانی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازییەکان تاوانباری و پلەی سەروانییان لێکردمەوە. ساڵێکیش بەندیخانەیان بۆ بڕیمەوە. بەو هۆیەوە هەم چاپکردنی ماهنامە راگیراو هەمیش ئەو هەواڵانە بڵاونەکرانەوە".

کیومەرس ئەم زانیارییانەی دوای بەربوونی لە بەندیخانە لە ژمارە ٧٥ ی ماهنامەدا لە ساڵی ١٩٤٧ ی زایینی١٣٢٦ ی هەتاوی بڵاوکردۆتەوە; هەروەها بەرلەوەش لە ژمارە ٦٦ ی ساڵی ١٩٤٦ ی ئەو ماهنامەدا، دەنووسێ دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی و گەڕانەوەی لەشکری رووس و ئینگلیز بۆ وڵاتی خۆیان، ئەرتەشی ئێران کەوتە جموجۆڵ و جوڵانەوە. هەر ئەو هەواڵنێرە لە ژمارەکانی ٤٤ تا ٦٤ ی ئەم ماهنامەیەدا رووداوەکانی ساڵی ١٩٤٣ تا١٩٤٦ ی کوردستانو ئازەربایجان دەگێڕێتەوەو دواتر لەسەر کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بە دوورو درێژی دەنگوباس و شتی وردو گرنگی بڵاوکردۆتەوە کە هەندێکیان بە ئەرشیف کراون و هەندێکیشیان چاپ کراون.

له زۆربەی ژمارەکانی ماهنامەکەدا نامەی وەفاداریو دڵسۆزی سەرۆک هۆزی دیبۆکی، عەلی یارئەسعەد و سەرۆک عەشیرەتی مامەش، قەرەنیئاغای عەشایەر، رەشیدبەگی هەرکی، حەسەن تیلۆ، قرقیاس مامەدی، نورییەگی بەگزادە، محەممەدەمین چەپی هەرکیو حەمزەی قادری مامەش و ئە وانیتر بۆ شای ئێران و دەربارەکەی ناویان بڵاو کراوەتەوە، یاخود لە نامەخانەی ئەرتەشدا بە ئەرشیڤ کراوە. لە هەمووی سەیرتر پەیوەندی عومەرخانی شکاکە بە دەربار کە لەو ماوەیەی کە عومەرخان ئامرهێزی لەشکری کۆماری کوردستان بووە لە سەقزو دەوروبەری، نزیکەی ١٧ نامەی بۆ دڵنیایی کردنی دەرباری شا لە دڵسۆزی خۆی بۆ شای ئێران ناردووەو خۆی بە سەربازی دەرباری شای ئێران ناساندووە و بەرهەڤی بەجێگەیاندنی ئەرک و فەرمانی دەرباری لە خۆی نیشان داوە. هەروەها ئەم نامانەش ئێستە لە نامەخانەی ئەرتەشی ئێران پارێزراون.

جێگای ئاماژەپێکردنە کە سەرداری دیبۆکری، عەلی یار لە یەکێک لەو نامانەدا چۆنییەتی چوونیان لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەددا بۆ باکۆ و ئازەربایجانی روسیە و کۆبوونەوەکانیانی بێ کەم و کورتی و بە تێرو تەسەلی بۆ دەرباری شای ئێران نووسیوە و ئەوانی لێ ئاگادار کردۆتەوە.
ناکرێ لەم وتارەدا کورتەدا باسی ناوەرۆکی هەموو ئەو نامانە بکەین، بەڵام لە رووی کاریگەری ناوەرۆکی نامەکانەوە، ئەم نامەیەی عەلی یار گەرورەترین گورز بووە لە کۆمارو لە رووی رێژەی نامەکانیشەوە، عومەر خانی شکاک زیاترین رێژەی نامە بۆ دەربار نووسیوە. هەر دوابەدوای دەرچوونی لەشکری رووس لە کوردستان، عومەرخان بە پەلە نامەیەکی بۆ شا نووسیوە کە تێیدا داوا لە شا دەکات هەرچی زووترە ئەرتەشی ئێران بگاتە کوردستان و نووسیویەتی وا من بە خۆم و هەموو هۆزی شکاکەوە وەکو سەربازی شای ئێران بەرهەڤین فەرمانەکانتان بەجێ بگەیەنین، هەر بۆ ئەوەی دەرباری شاهەنشا لە دڵسۆزیو گوێ بە فەرمانی خۆی دڵنیا بکاتەوە، دوو کوڕی خۆی بە ناوەکانی قادرو لەزگین بۆلای شاهەنشا ناردۆتە تاران، تا لە کاتی هاتنی ئەرتەشی ئێران بۆ کوردستان بە تایبەت بۆ مەهاباد، رێنوێنی ئەرتەش بکەن و ببن بە چاوساخیان.

جگە لە عومەرخان، زۆربەی سەرۆک هۆزو خێڵە کوردەکانیتریش بۆ دڵنیاییو رێنوێنی ئەرتەشو ئیسباتی ئاڵقەلەگوێی خۆیان بۆ دەربار، کوڕو براو کەسانی دڵسۆزی خۆیان رەوانەی تاران کردبوون. سەروان کیومەرس ساڵح دەنووسێ: "لە رۆژی ١٧ ی مانگی سەرماوەزدا چەند یەکەیەکی لەشکری ئێران کە لە تۆپخانە و تیربارو چەند تانکێک (چەند کۆنە تانکی لەکارکەوتوو) لە تارانەوە بەرەو تەورێز وەڕێ کەوتن و سێ رۆژ

دواتر له ٢٠ ی مانگدا له دەوروبەری شاری تەوریز دامەزران، بەلام هەر بە بیستنی ئەم هەواڵە، هەموو سەرانی حکومەتەکەی ئازەربایجان بەرەو روسیە هەڵاتبوون و وڵاتیان بەجێ هەیشتبوو. بەلام ئەرتەشی ئێران بۆ دڵنیابوون لە زۆر شت، تا ڕۆژی دواتر واتە ٢١ ی مانگ، خۆی له چوونە ناو شاری تەوریز پاراست".

لێرەدا سەروان کیومەرس دەنووسێ: "ئەو کاتەی دە ست بەسەر شاری تەورێزدا گیرا، من بۆ ئامادەکردنی ژمارەیەکی نوێی ماهنامە، گەڕامەوە تاران".

لە رۆژانی دواتر بڕیاری ڕووەو کوردستان بوون بۆ ئەرتەش دەرچوو، هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەو چەند یەکە لەشکرەی کە هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە لە سنەو کامیارانو دیواندەرە تا نزیک سەقز جێگیر کرابوون و جار جارەش لەگەڵ لەشکری کۆماری کوردستاندا تووشی شەڕ دەبوون، بڕیاری ڕووەو مەهاباد بوونیان بۆ دەرچوو. لەشکری تارانیان لەگەڵ هەندێ یەکەی لە شکری ئێران لە تەورێز بۆ گەیشتن بەو هێزانەی ناومان هێنان، لەڕێگای قەزوینەوە بەرەو کوردستان نارد. ئەم هێزانە رۆژی 02ی مانگی سەرماوەز گەیشتنە سەقز و لەوێوە بە ڕێنوێنی سەرۆک هۆزەکانی کورد بە ڕێگای بۆکاندا بەرەو ناوەندی کۆماری مەهاباد وەڕێ کەوتن.

ئەم لەشکرە ڕۆژی ٢٩ ی سەرماوەز گەیشتە مەهاباد و زۆر بەپەلە ئەفسەرە تایبەتەکان کەوتنە شوێن قازی محەممەدو سەیف و سەدر. ئەرتەشی ئێران لە پادگانە چوکەکەی مەهاباد دامەزراو باروبنەی داکوتا. هەر ئەو شەوە بە ڕێگای "لاسلکی" یەوە (بێسیم) پێوەندییان بە تارانەوە کرد و داوای چۆنیەتی یەکلا کردنەوەی چارەنووسی قازییەکانیان کرد. قازییەکانیش لە سەربازخانەدا بەند کرابوون.زۆر زوو لە تارانەوە فەرمان گەیشت کە لیژنەیەکی دادگاییکردن پێکهاتووە و بەرەو مەهاباد بەڕێوەیە.

ڕۆژی ٦ ی ڕێبەندان، لیژنەی دادگا بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ غولام حوسێن عەزیمی و دادستانی سەرهەنگ حەسەن کوفانیان و دادیاری سەرگورد جەعفەر سانعی و لەژێر چاودێری سەرهەنگ ئەمیر هوشەنگ خلعتبەری گەیشتە مەهاباد و کۆبوونەوەی دادگایی کردنی قازییەکان دەستی پێکرد. سەروان کیومەرس دەڵێ منیش لە تەواوی دانیشتنو کۆبوونەوەکانی دادگاییکردنیان ئامادە بووم. دانیشتنەکانی دادگا چەند سەعاتێکیان درێژە دەبوو. پرسیارو تاوانەکان لەلایەن دادستان حەسەن کوفانیانەوە دەخرانە روو. دەتوانم بڵێم پرسیارەکان ڕۆشن و ڕوون نەبوون. بەشی زۆربەی تاوانەکان لەلایەن تاوانبارەکانەوە (قازییەکان) ڕەد کرانەوە و قازییەکان زۆر بوێرانە داوای هێنانەوەی بەڵگەیان دەکرد. بەلام لەبەر ئەوەی پێشتر هەر لە تارانەوە تاوانەکان

دەسنیشان کرابوون، هەر لەوێشەوە بڕیاری کۆتایی وەرگیرابوو. قەراریش وانەبوو هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەو تاوانانە پێشکەش بکرێ، بۆیە دانیشتنی دادگا وەک ڕێزبەندیەک دوای چەند سەعات کۆتایی هات و دوای نیو سەعاتیش بڕیاری لەسێدارەدانی قازییەکان پەسندکرا. لە ڕاستیدا ئەو بڕیارە لە تاران درابوو، هەر ئەو شەوە ئەو بڕیارە بە قازییەکان ڕاگەیەندرا.

تاوانەکانی قازی محەممەد کە بە هۆی ئەمانەوە بە تاوانبار ناسراو بڕیاری لەسێدارەدانی دەرچوو، ئەمانەی خوارەوەن:

١- بازرگانی کردنی نەوت لەگەڵ دەوڵەتی روسیە بە بڕی ٥١% بۆ دەوڵەتی روس و ٤٩% بۆ کۆماری کوردستان، بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی دەوڵەتی ناوەندی.
٢- گۆڕین و دەسکاریکردنی نەخشەی وڵاتی ئێران و جیاکردنەوەی پێنج پارێزگای ئورمیە، کرمانشا، سنە، تەورێز و ئیلام.
٣- دانانو دروستکردنی پەرچەم (ئاڵا) بۆ کۆماری کوردستان بە ئارمی چەکوچ و داس، شێوەی ئاڵای روس.
٤- لێدانی سکەی پوڵ (پارە) بۆ حکومەتی کوردستان بە ناوی کوردستان بە شێوەی ڕوپیەی روسیو وێنەی قازی محەممەد.
٥- سازکردنی نەخشەی کوردستانی گەورە بە هەر چوار پارچەکانی کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە.
٦- هێنانی بێگانە بۆ ئێران و خستنە ژێردەستی بەشێک لە خاکی ئێران بۆ نموونە مەلا مستەفا بارزانی.
٧- تەهدید و هەڕەشەکردن لە شاهەنشاهی ئێران و دەوڵەتی ئێران و ڕاگەیاندنی شەڕو هاندانی خەڵکی کوردستان لە دژی شاهەنشاهی ئاریامێهر.
٨- پەیمان و بەڵێن بەستن لەگەڵ حکومەتی ڕوسیە لە دژی حکومەتی ئێران و هاوکاری هێزەکانی داگیرکەری ڕوسیە لە تەواوی خاکی ئێراندا.
٩- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی حکومەتی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان.
١٠- ناردن و هاتوچۆ بۆ دەرەوەی وڵات و سەردانی ڕوسیە و دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ "باقرۆف" ی سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی ڕوسیە.
١٠- گرێدانی پەیماننامە و گرێبەندی بازرگانی بەبێ پرس و ڕای تاران لەگەڵ بێگانە و ناحەزانی ئێران.
١٢- گرتن و کوشتنی کارمەندانی میری و ڕووخاندنی خانووەکانیان و سووتاندنی ماڵەکانیان بە تایبەت کارمەندە غەیرە کوردەکان.

نووسەرو پەیامنێری ماهنامە لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەنووسێ: "قازی محەممەد زۆر بە توندی هەموو ئەو تاوانانەی ڕەد کردەوە، تەنیا سێیان نەبێ، ئەوانیش:

١- چوونی باکۆی ئازەربایجان و چاوپێکەوتنی جەعفەر باقرۆف.
٢- بوونی ئالا، بەڵام نەوەک ئەوان بۆی چوون کە چەکوچ و داسی لە شێوەی پەرچەمی ڕوسیە لەسەر بێ.
٣- هاتنی مەلا مستەفا بارزانی بۆ مەهاباد، ئەویش نەک کەس هێنابێتی، بەڵکو خۆی هاتووە، چوونکە ئەو کوردە و کوردستانماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک حەز بکا لە هەر بستە خاکێکی خۆیدا بژی، هەقی خۆیەتی، چوونکە مافی خاوەن ماڵە.

تاوانەکانی سەیفی قازی یان محەممەد حوسێن خانی قازی، وەزیری جەنگ و جێگری سەرۆک کۆمار:

١- چوونی دەرەوەی وڵات، باکۆ پایتەختی ئازەربایجانی ڕوسیە.
٢- پێوەندی کردن بە پیشەوەری سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی ئێران لە تەورێز و لەگەڵیدا کۆبوونەوە و پەیمان لەگەڵ هەردوو سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی ڕوسیە و ئازەربایجانی ئێران، واتە لەگەڵ پیشەوەری و باقرۆف کە ئەویش پەیمانێکی سێ قۆڵی نیزامی بووە.
٣- وەرگرتنی وەزارەتی جەنگ لە کۆماری کوردستان لە دژی حکومەتی ئێران.

تاوانەکانی سەدری قازی یان ئەبوئە لقاسم سەدری قازی کە بە نوێنەری دەوری ١٤ ی مەجلیسی شۆرای میللی ئێران لەلایەن خەڵکی کورد لە بەشی مەهاباد و دەوروپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو:

١- نووسینی شێعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفا بارزانی و بەو شیعرە بەخێرهێنانو پێهەڵگوتنی وەکو ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.
٢- هاوکاریکردنی قازی محەممەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکومەتەکەیان و دانانی ڕێوشوێنی حکومەتەداری و دامەزراندنی کارو بارەکانی حکومەتداری لە مەهاباددا.
٣- نووسینی نامەیەک بۆ قازی محەممەد کە تێیدا نووسیویەتی خۆتان ڕاگرن تا لە دەوەوە کۆمەکتان بۆدێ.
٤- هاندانی خەڵک لە دژی حکومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەوەی کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لەگەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

لەسەر وردەکارییەکانی بەڕێوەچوونی دادگاکەدا، کیومەرس ساڵح دەنووسێ:
"دانیشتنی دادگاکە دوای نیو سەعات پرس و ڕاگۆڕینەوە، بڕیاری لەسێدارەدانیان داو بە هۆی بێتەلەوە (بێسیم) بە ستادی ئەرتەش کە ئەوکات سپەهبەد ئەرشەدی هومایونی، سەرۆکی ستاد بوو و ژەنەراڵ ئاجوودانی شیا لە دەربارو سەرهەنگ فەتحوڵلامین باشیان پێوەندیان کرد و لەوێوە بڕیاری گەڕانەوەی تارانیان وەرگرت".
هەر ئەو شەوە بە ڕێگای میاندواوەوە گەڕانەوە تاران و ئەو شێعرەی کە ئەبولقاسم سەدری قازی پێ تاوانبار کرا، هەر بە کوردی لە ژمارە 66ی ماهنامە - مسلسل ١٥٣دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ تێکەڵی هەندێ وشە و هەڵەی چاپی ئەویش، چوونکە سەروان کیومەرس کوردی نەزانیوەو دیارە ئەوەی تایپیشی کردووە کوردی نەزانیوە تا بتوانن فۆنەتیکی شیعرەکە بە جوانی بنووسنەوە و چاپی بکەن.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە هەر لەو گۆڤارەدا، لە وێژەنامەکەی "تاU کیان"یشدا زۆر بابەتی گرنگ و بەپێز لە بارەی کۆماری کوردستان و بزاà و چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانی ئەوکاتی مەهاباد بڵاو کراونەتەوە. ئەمەش دەقی ئەو شێعرە کە بووە بەندی یەکەمی تاوانباربوونیو لەسێدارەدانی سەدری قازی:

| |
|---|
| یاخوا بەخێــر بێی هــەڵۆی بەرزەفڕی<br>بارزانەکەم<br>ڕەمــزی پیــرۆزی گـــەل و<br>نیشتمـانــەکـــەم<br>بارزانــی دوژمــن شکێنــی، شێـری<br>ژیــانــەکـــەم<br>پێت لەسەر چـاو و قەزات لە ماڵ و<br>گیــانەکــەم<br>بێ تـۆ گـــەل و نیشتمانـــەکەم بێ خێو و<br>دیلــە<br>ژێـر چـەپـۆکی دوژمــن و زەرد و مـات و<br>زەلیلــە          دڵــی دوژمن لە تـرسی<br>هــەڵمـەتت دێتـە لــەرزە<br>نییــە دوژمـن بـەرنگــارت لـەم کـــورەی<br>ئـەرزە<br>بـــە تـۆ نـــاسرا گـەل و نیشتمـانـی |

کوردەواری

ئەتۆی بەرز و بەڕێز، لە هەر لایە دیاری
بێ تۆیە کە دوژمن بە سەر نیشتماندا زاڵە
بێ تۆ گەل وەک مەلی زامار بێ پەڕو باڵە
تۆ مەردی مەیدان و نەبەرد و ڕۆڵەی
واریسی پیرۆزی ئیرسی بارزان و تۆڵەی
بە مێژوو خاوەن نیشتمان و گەل و خێوی
بە بەرزیت بازی بارزان و لووتکەی کێوی
لای دوژمن باریز و بە ناوبانگی بە ناوان
بە بیستن دوژمن چرکەمیزە دەگرێ لە تاوان
بە بارزانم دەنازم، ئەقدەسی ڕووی زەمینە
بێشەی شێر و ئاوەکەی مایەی ژینە
تۆ بۆ گەل و نیشتمان موژدە و هەم فریشتەی
بەشارەت هێنەری ئەم هەردو شارو دەشتەی
گەلم بێ تۆ هەتیو و پەرێشان و وەڕەز بوو
مەلی بێ پەڕو باڵ و گرفتاری قەفەس بوو
بە تۆ گەشاوە ڕوخساری پڕ چرچ و چرووکم

بە تۆ ڕزگار و ژیاوە گەلی مەهتووک و سووکم
کوردم و لەو خاکە بوومە، بەو ئاوە ژیاوم
بۆ ئازادی گەل و ڕزگاری نیشتمانم نەماوم
من بە ڕووتو قوتیو پێخواسو بێ کراسی
لە ماڵی خۆما دوژمن بە سەربارم دەناسی
مەقدەمی خێرت لایبرد، گەمی زۆرم لەسەر شان
بە تۆ سارێژ بوو، تەنی پڕزارم و حاڵی پەرێشان
زامی دەردی کوردانم پڕ ژان و لە مێژە
دەرمانی دەردی موزمین دوور و درێژە
سەروەر موستەفایە، بۆ محەممەد پشتیوان و برایە
یارەب شوعلەوەر کەی ئەو دوو چرایە
یارەب بە فەزل و فەیزی خۆت و نووری ئیمان
موەفەق کە محەممەد، هەم مستەتا ڕا بخاتری قورئان
فەخری گەل مستەفا و بارزان، مایەی شانازی
فیداتە گیان و سەرو ماڵی سەدری قازی
ئەوەی بارزان وا نەناسێ، بێهۆش و بێزمانە
کەر و گێژ و وێژو حەیوان و

نـــەزانـــە
ئەوەی ناحـــەزی بارزانـــە، جـــاش و خـــۆ
فـــرۆشە
یانی گـــەواد بابـە و زۆڵـە کـــوردە و دایکـی
زانـــی

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگ بەسەر دادگاییکردنی قازییەکان، ئینجا لە ستادی ئەرتەشی ئێران، دەستەیەک بۆ دووبارە دادگاییکردنەوەی قازییەکان لە مانەی خوارەوە دەسنیشان کران:

١- سەرهەنگ ڕەزا نیکوزادە، دادستان
٢- سەرهەنگ ڕەجەب عەتا، سەرۆکی دادگایی دووبارە پیاچوونەوە
٣- سەروان حوسێن سوڵحجو
٤- سەروان نەبەوی وەک پارێزەر بۆ قازییەکان دەسنیشان کرابوو.

لێرەدا هەواڵنێر کیومەرس دەنووسێ: "لەگەڵ ئەوەی کە تاوانبارەکان (قازییەکان) بە وردی بەرگریکردن و ڕەددانەوەی خۆیان بۆ ئەو تاوانانە لە ١١٤ لاپەڕەدا لە جاری یەکەم دابوو بە دادگای پیاچوونەوە و داوای سەلماندنیان کردبوو، داواکەیان بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ لە دادگای مەیدانی ستادی ئەرتەش دانرابوو،
چۆن لە مەهاباد داخرابوو مۆر کرابوو، هەر بەو شێوەیە مایەوە و هیچ کەس ئامادە نەبوو تەنیا بیکاتەوە یاخود بیخوێنێتەوە".

هەروەها لەکاتی هاتنی دەستەی دادگایی لە تارانەوە بۆ مەهاباد، ئەم داواکارییەی بەرگریکردنیان لەگەڵ خۆیان بۆ نەهێنابوون تا لانیکەم لەکاتی دادگاییکردنی دووبارەشیاندا پێیان بڵێن ئەوانەمان قەبووڵ نییە.
لە درێژەی نووسینەکەیدا کیومەرس دەنووسێ دەستەی پیاچوونەوەو دادگایی کردنەوەی قازییەکان لە لایەن ستادی لەشکرەوە دەسنیشان کران و بە شای ئێرانیش ناسێندران. شاهەنشاه هەندێ ئامۆژگاری و ڕاسپاردەی کردن کە بە هیچ شێوەیەک نابێ شک و گومان لە دادگادا نەکەن و بەردەوام پێوەندی بێتەلیان دەگەڵ ستادی

ئەرتەشدا بەرقەرار بێت.

دەستەی دیاریکراوی دادگا لە رۆژی ٠٤ ٠١ ١٣٢٥ لە تارانەوە بەرەو تەوریزو لەوێوە بۆ میاندواوو مەهاباد وەڕێ کەوتین. رۆژی ٠٧ ٠١ ١٣٢٥ گەیشتینە شوێنی مەبەست و شەوێک لە پادگانی مەهاباد پشووماندا. بەیانی دادگا دەستپێکرد. سەرەتا قازی محەممەدیان هێنا و دەستکرا بە پرسیارلێکرنی کە تاوانەکانی هەمان ئەو ١٢ مادیەی پێشوون کە لە لایەن دادگای نیزامی سەحراییەوە جاری پێشتر رووبەڕووی کر بوونەوە و قازی محەممەدیش جگە لە سێیانیان نەبێت، هەموو ئەوانی دیکەی بە توندی رەدکردەوە. قازی محەممەد دووبارە بۆ سەلماندنی تاوانەکانی دادگا، داوای بەڵگەی دەکرد. لە تەواوی کاتی خوێندنەوەی تاوانەکان و بەرگری لەخۆکردندا قازی محەممەد زۆر ئارام و لەسەرخۆ بوو. زۆر بەڕێزو بە هێمنیەوە وەڵامی پرسیارەکانی دادگای دەدایەوە.

بەهۆی پێداگرتنی قازی محەممەد لەسەر ڕەدکردنەوەی تاوانەکانی دادگا، دادستان بەسەر قازیدا نەڕاندی و زۆر بە تووڕەیی قسەی لەگەڵ کرد. قازی محەممەدیش کاردانەوەی بە تووڕەبوونی خۆی نیشانداو بە زمانی فارسی بە دادستانی وت: "شما هم خورده دیگران را نشخوار میکنید! شما اگر دین ندارید و خدا را هم نمیشناسید و ایمان به حساب و کتاب اخرت ندارید، لااقل زرەای جوانمرد باشید!"

پێی گوت ئەم هەموو درۆو بوختانەتان چۆن بۆ من درووست کردووە; ئەگەر راست دەکەن بەڵگەیەک بخەنەڕوو!". لەبەرئەوەی ئەم قسانە لەنێو فارساندا ئیهانەتێکی گەورەیە، بۆیە بەو قسانەی قازی محەممەدی گوت: "کوردان سەگ سفەت!". بەڵام تووڕەیی و هەڕەشەی دادستان کاری لە قازی نەکرد، بەڵکوو بە پێچەوانەوە زیاتر بەڕووی دادستان هەڵپرژا و پێیگوت: "سەگ و بێشەرەف و بێئابرو ئێوەن کە هیچ سنوورێک بۆخۆتان و بۆ خەڵک و یاسا دانانێن; ئاخر بێشەرەف، ئەتۆ هەر دەتوانی بڕیارێک کە ئەو بێشەرەفەکەیتر داویەتی، جێبەجێ بکەی! لەوە زیاتر هیچ هەڵەیەکیتری لەدە ستدا نییە! من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە و بە باوەشی ئاواڵەوە ئەوەی کە بێتاوانم و لە ڕێگای ئازادی میللەتەکەمدا دەکوژرێم، ئەمە بە رەحمەت لەلای خودا بۆ خۆم دەزانم. شانازی بەو مەرگ و مردنە مەردانەیە دەکەم!".

دوای تەواوبوونی قسەکانی، قازی محەممەد بڕیاریدا ئیتر هیچ قسەیەک نەکات و وەڵامی هیچ پرسیارێکی دادگا نەداتەوە. قازی سوێندی خوارد وەڵام نەداتەوە و گوتی ئەم نامەردە هەر غەڵەتێکی دەیکا، با بیکا.
دادستانیش بۆئەوەی قازی محەممەد بێتەوە سەرەخۆی و بەڵکو لە بڕیارەکەی پاشگەز

بێتەوە، کاتی پشوودانی دادگاکەی ڕاگەیاند. دوای پشوودان زۆریان هەوڵ و تەقەللادا کە وەڵامی پرسیارەکانی دادستان سەرهەنگ نیکوزاد بداتەوە، بەڵام قازی محەممەد گوتی: "کە ئێستا بڕیار وایە من لەسێدارە بدرێم، ئەمە بەخاتری ئەو سۆزو بەڵێنەیە کە من بە میللەتەکەم داوە، بڕیارم داوە لەگەڵ گەلەکەمدا بژیمو بۆ ئەوان بمرم.

تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم و سوێندێک کە خواردوومە بشکێنم بەهۆی ئەو هەموو بێشەرەفیەی سەرهەنگ کە خۆی کراوە دادستان، من ئامادە نیم وەڵامی ئەو کەسە بدەمەوە، مەگەر کەسێکیتر پرسیارم لێبکات!".

کاتێک ڕوونبۆوە قازی محەممەد ئامادە نییە قسەبکات، دەستەی دادگا کەوتنە ڕاگۆڕینەوە لەنێوان خۆیان.
ناچار بڕیاریاندا لە شوێنی سەرهەنگ نیکوزاددا، سەرهەنگ ڕەجەب عەتایی کە سەرۆکی دادگا بوو، بوو بە دادستانی دادگا. پرسیارەکانی دووبارە لە یەکەمەوە دەستپێکرایەوە. قازی محەممەدیش هەموو ئەوانی ڕەدی کربوونەوە، ڕەدی کردنەوە. لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی بەبێ ئاخاوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی گرێبەندی بازرگانی نەفتیان لەگەڵ ڕوسیەدا بەستووە، قازی پێکەنی و گوتی: "کامە نەفت؟ ئێمە کام بیرو کۆمپانیای نەفتمان لەبەردەست بووە، تا بازرگانی پێوە بکەین؟ سەیرە، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بە ناڕەوا تاوان بدەنە پاڵ ئێمە، تاوان و بوختانێکمان بۆ درووست بکەن کە لانیکەم وێ بچێ! ڕەنگە ئێوە ئاوی ئەم ڕووبارە کە بەناو شاری مەهاباددا ڕەتدەبێ بە نەفت بزانن؟ بەڕاستی ئێوە زۆر نەزانانەو بێسەروبەرانە ئەو هەموو تاوانەتان بۆمان هەڵبەستووە کە هیچ کامیان ئەساسیان نییە!".

هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە گۆیا قازی محەممەد ڕێگەی داوە، یاخود داوای لە بێگانە کردووە بێتە ناو خاکی ئێران، وەک مەلا مستەفا؛ قازی محەممەد هەروەک سێ مانگ بەرلەئێستە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە، گوتی: "مەلا مستەفا لە کوردستان بێگانە نەبووە و نییە! کوردستانماڵی هەر کوردێکە! ئەوجارە کەس ئەوی نەهێناوە، بارودۆخ وای کردووە ئەو بێ بۆ بەشێکیتر لە ماڵەکەی خۆی، واتە لە بەشێکی ماڵەکەی خۆیدا هاتووە بۆ بەشێکیتری ماڵەکەی خۆی، وەسەلام!".

ئەوجا سەرهەنگ عەتایی یەکە یەکە پرسیارەکانی دووبارە پرسینەوە و قازی محەممەدیش هەروەک پێشتر هەموو تاوانەکانی دووبارە ڕەدکردنەوە. لەو کاتەدا دیسان سەرهەنگ نیکوزاد کە دادستان بوو و قازی محەممەد زۆر بە توندی بەرامبەری وەستابوو، وەکو مار خۆی دەخواردەوە، پارچە قوماشێکی لە جانتاکەی دەرهێنا کە ڕەنگی سوورو سپیو سەوز بوو و چەکوچ و داسێکی لەسەر کێشرابووەوە و بە قازی

محەممەدی گوت: " ئەدی هەموو حکومەت و پەرچەم و تەشکیلاتت ئەوە نییە!؟". قازی محەممەد لە بەرامبەر ئەم کردەوەی سەرهەنگدا وتی: "یەکەم جار، ئەمە هەرگیز ئاڵای کوردستان نییە و نەبووە، چونکە ئاڵای ئێمە چەکوچ و داسی تێدا نییە! دووەم، ئەم هەڵسووکەوتەتان نیشانەی کە م عەقڵی و بێشعوری تۆ دەگەیێنێ! دڵنیا بن، ئاڵای کوردستان، ئێوە دەستتان پێی ڕاناگا بێحورمەتی پێبکەن! ڕۆژێکیش دێ لەسەر ئەوە خانووەی کە منی تێدا دادگایی دەکرێم، ئاڵای کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە!! ئاڵای کوردستانم وا بە مەلا مستەفا بارزانی سپاردووە و لەسەر شانی ئەو، لەو چیا بۆ ئەو چیا و لەو شار بۆ ئەو شار و لەو وڵاتە بۆ ئەو وڵاتەی دەبا، تا ڕۆژێک لە تەواوی بەرزایی و بڵندایییەکانی کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە! دڵنیا بن، ئەو ڕۆژە دێ!!".

ئینجا سەرهەنگ داوای لە قازی محەممەد کرد: "هەرچەند ئەم بابەتە لە دەرەوەی بەرنامەی ئیشو کاری دادگایە، بەڵام ئەگەر بکرێ، هەندێ تایبەتمەندی و خووڕەوشتی مەلا مستەفا بارزانیان بۆ باس بکات! چ وەک بیرو باوەڕو بۆچوونی خۆی یان وەک خووڕەوشت و ئاکاری خودی بارزانی، بەبێ دەمارگرژی!"
قازی محەممەد گوتی: "لە مەلا مستەفا بارزانی بگەڕێ، تۆ خۆت وتت کە مەلا مستەفا کەسێکی بیانییە و ئەمە لە دەرەوەی ئیشوکاری دادگایە!". بەڵام دیسان سەرهەنگ داوای لێکرد. قازی محەممەد گوتی: "ئەگەر بە تەواوی باسی مەلا مستەفات بۆ بکەم، لەوانەیە بڵێی لایەنگیری و خۆشەویستی و دەمارگرژی کوردانە، گرتوویەتی".
سەرهەنگ عەتایی سوێندی بۆ خوارد کە من بروام بە ڕاستگۆیی تۆ هەیە! هەر لەو دادگایەدا بۆم ڕوون بۆتەوە کە هەرچی وتوتە و دەیڵێی، لە ناخی دڵتەوەیە و بە باوەڕەوە وتوتە!" ئینجا قازی محەممەد گوتی: "من ناتوانم هەموو تایبەتمەندییەکانی بارزانی بۆ ئێوە باس بکەم. ئێوەش هەرگیز ناتوانن بارزانی بەتەواوی بناسن; ئەگەر منیش بڵێم، ئێوە هەرگیز پەسندیناکەن کە دوژمنتان بەو هەموو کردەوە و تایبەتمەندییە باش و جوانانەوە بناسن و لە ڕیزی دوژمنایەتی ئێوەشدا بێت!".

دادستان هەڵیدایێ و داوای لێکرد کە بە ڕادەی زانیاری خۆی مەلا مستەفایان پێبناسێنێ، هەرچی لە بارەیەوە دەیزانێ بیڵێ!". قازی محەممەد دیسان پێی لەسەر ئەوە داگرتو گوتی نە من و نەکەس ناتوانێ بارزانی وەک خۆی بە ئێوە بناسێنێ. حەزدەکەم لەو باسە بگەڕێین!". بەڵام دیسان داوایان لێکرد بۆیان باس بکات. قازی محەممەد وتی باشە، بەڵام تەنیا لە چەند ڕستەیەکدا دەتوانم بڵێم مەلا مستەفا بارزانی، ئەوەی لە پیاوەتیو کەرامەت و شەرافەتو ئینسانییەتو شوجاعەتو نەبەزیو سەخاوەت و پیاوەتەو نەترسی لە مێژوودا کەسانی مەزن بووبێتیان، مەلا مستەفاش هەیەتی. ئەوەی موسڵمانانی سەدری ئیسلام لە باوەڕو ڕاستیو پاکیو دڵسۆزی بۆ خواو ئایین و خەڵکی

هەژارو داماوی میللەت بوویانە، بارزانی هەموو ئەوانەی تێدایە; هەروەکو سەعدی دەڵێ: "هر انچه خوبان همه دارند، او بتنها دارد". جا حەز دەکەن باوەڕ بکەن و پێتان خۆش بێ یا حەزدەکەن پێتان ناخۆش بێ. هەموو ئەوانەی لە دادگادا بەهەà بوون، سەریان لەو تاریفەی قازی محەممەد سووڕما. قازی محەممەد دیار بوو هەموو ئەو قسانەی لە ناخی دڵیەوە بە باوەڕەوە دەگوت و هیچ شک و گومان لەوەدا نەبوو ئەو تاریفانەی کە لە مەلا مستەفای کردن، نە بەخاتری دڵخۆشی مەلا مستەفا بوو و نە بەخاتری هەیئەتی دادگا.
عەتایی لێی پرسی ئەو هەموو توڕەییەتان لە جەنابی سەرهەنگ نیکوزادە چی بوو؟ چونکە ئێمە بیستوومانە لەم وڵاتەدا کەس بە ڕادەی تۆ لەسەرخۆو ئارام و هێمن نییە! قازی محەممەد گوتی من ئەو مافە بە کەس نادەم ئیهانە بە گەلەکەم بکات و ئێستا من لە پێناوی ئەو میللەتدا حوکمی لەسێدارەدانم پێدراوە; تازە من بەخاتری چی حازر بم ئیهانەی هەر خوێڕی و ناپیاوێک قەبوڵ بکەم!؟ من تەنیا (مقابلە به مسل) وەڵامی ئەوم داوەتەوە، نە زیاتر! ئەمە کاری خوایە کە دەبێ خوێڕی و بێسەروپێیەک بێت و ئیهانە بە میللەتی کورد بکات. ئەمە لێهاتوویی لێزانی ئێوە نییە! ئینجا من چم دەوێ تا قەبوڵی هەر بێحورمەتییەک بکەم؟
سەعدی دەڵێ: "هر انکس دست از جان بشوید، هر انچه درد دل دارد بگوید". ئەگەر من بەبێ نەزاکەتیم نەزانیبا، زۆریترم لە دڵدا بوو پێی بڵێم! تازە ئەوەی من داوام بوو لە خوا، خوا پێی داوم، واتە مەرگو شەهید بوون لە پێناوی ئایینو گەلەکەمدایە و هیوادارم بە ڕوویەکی سوورەوە بچم بۆ بارەگای خوای گەورە و میهرەبان.
لە کۆتای ئەو دادگایەدا، ئەو تاوانەشیان خستە پاڵ قازی محەممەد کە گۆیا ئەم دێڕە شێعرە: "اگر سراسر پشت بر دشمن دهیم، ازان به که یکی به کشتن دهیم"ی بۆ کۆمەڵێک ئەفسەرو کادێری کۆمار خوێندەوە و ئەوانیش کردوویانە بە درووشمی خۆیان. بەڵام قازی محەممەد لە وەڵامدا گوتی، جاری یەکەمە من ئەو شێعرە دەبیستم. دوایی دادستان خۆی گوتی نا نا، ئەو شێعرە سەدری قازی وتوویەتی و قازی محەممەد شێعریتری بەرانبەر هێزی چەکداری کۆماری کوردستان وتووە و وتوویەتی ئەرتەش و حکومەتی ئێران وەک دێڕە شێعری: "پیرمردی زنزc مینالید، پیرزن ¤ندلیش هم میمالید".

سەروان کیومەرس ساڵح دوای خانەنشین بوونی، لەژێرنووسی گۆڤارێکیتردا دەنووسێ: "من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانی و سەربازی و بەدەویدا وەک هەواڵنێر بەشداریم کردووە ئەو کاتەی کە هەواڵنێری ماهنامەی ئەرتەش بووم، بەڵام هەرگیز کەسێکم بە ڕادەی قازی محەممەد بەجەرگ و بوێر نەدیوە. هەرگیز لەکاتی دادگاکردنیدا نەترسابوو و زۆر بەبێ باکی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە; وەک ئەوەی لە کۆڕی جەژن و داوەتێکدا دانیشتبێ، وابوو".

هەر لە سەروبەندی دادگاییکردنی قازی محەممەد، بۆ جاری دووەم، کیومەرس ساڵح لە ماهنامەدا دەنووسێ کە تەواوی هەلو مەرUو ڕووداوەکانی دادگاییکردنەکەی، وەکو خۆی نووسیوە. دیارە هەر بەو هۆیەشەوە بووە، دواتر بە تاوانی ئاشکراکردنی نهێنی لەشکری و دژە ئەمنیەت بوون، ماهنامەکەیان بڵاو نەکردۆتەوە و سەروان کیومەرس ساڵحیان دادگایی کردووە.

لە درێژەی نووسینەکەیدا، سەروان کیومەرس ساڵح دەنووسێ: "کاتێک سەرهەنگ نیکوزاد ئیهانە بە قازی محەممەد و گەلی کورد کرد و قازی محەممەدیش زۆر بە توندی وەڵامی دایەوە، قازی محەممەد وتی پێشینانی ئێمە ئێوەیان زۆر باشتر لە ئێمە ناسیبوو. یاخوا خودا لەو شاعیرە خۆش بێ کە گوتوویەتی...!".
سەروان کیومەرس ساڵح دەڵێ: "شێعرێکی زۆر بە واتا بەرزو گەرمی خوێندەوە کە بە فارسی بوو و ڕەگ و ڕیشەی عەجەم و شیعەی دەرهێنا. حەزم دەکرد ئەم شێعرە بنووسمەوە و بزانم شێعری کێیە، بەڵام کات، کاتی دادگا بوو، نەمتوانی شێعرەکەی پێدووبارە بکەمەوەو لەدوای خوێندنەوەی شێعرەکە، قازی محەممەد گوتی، هەزار ڕەحمەتیان لێ بێ. دیسان سەرهەنگ عەتا پرسیاری لە قازی محەممەد کرد، لەو کاتەوەی مەلا مستەفا بارزانی لەو ناوە ڕۆیشتووە، هیچ پێوەندییەکتان لەگەڵیدا هەبووە، ئەگەر بووە، لە چ ڕۆژێکدا و چۆن بووە!".
قازی محەممەد گوتی: "تا بارزانی گەیشتە دەوروبەری شنۆ و نەغەدە تەماس و پێوەندیمان پێکەوە هەبوو، بەڵام لەوەتەی ئەو دوورکەوتۆتەوە، هیچ پێوەندییەکمان نەماوە و ئاگام لێی نییە!". دیسان لێیان پرسی، ئایا دەکرێ بڵێی ئەو کاتەی لەگەڵ مەلا مستەفادا پێوەندیت هەبوو، مەلا مستەفا چی پێ ڕادەسپاردی، چ نەخشەیەکی بۆ ڕزگاریکردنی تۆ هەبوو!؟ لە وەڵامدا قازی محەممەد دەڵێ: "مەلا مستەفا بارزانی زۆری هەوڵدا من لەگەڵیدا بچم; تا نەخرابوومە بەندیخانەوە پێی وتم کە من دڵ بەبێتاوانی خۆم، خۆش نەکەم! مەلا مستەفا وێنەی ڕاستەقینەی ئێوەی عەجەمی بۆ کێشام و حاڵی کردم کە ئێوە چۆنن و چین و کێن!!".

سەرهەنگ عەتایی لێی پرسی: "دەکرێ بڵێی ئەو وێنەیەی لە ئێمەی بۆ کێشایەوە چی بوو و چۆن بوو!؟" قازی محەممەد گوتی: "بەڕاستی مەلا مستەفا ئێوەی لە هەموو کەسێک باشتر ناسیوە! مەلا مستەفا پێی گوتم کە هیچ گەل و میللەتێک وەک عەجەم نییە; عەجەم کاتێک دەسەڵاتی هەبوو، لە خۆی بێبەزەیی و بێویژدانتر و زاڵمتر نییە، بەڵام ئەگەر ژێردەست بوو، کەس ناتوانێ و نازانێ وەک عەجەم خۆی مەزلوم بکاو بپاڕێتەوە. لە کاتی بەهێزیشدا هەرچی لەدەستی دێ، دەیکا و لە کاتی بێدەسەڵاتیشدا بە

هەر چیەک خۆی دەربازکا، دەیکا; و دەڵێ، جا تۆ بە هیوای ئەوە مەبە کە تاوانێکت نەکردووە، عەجەم لێت خۆش ببێ!".

دیسان سەرهەنگ عەتایی پرسی، پەشێمان نیت کە لەگەڵیدا نەڕۆیشتی؟ قازی محەممەد وەڵامی دایەوە: "ئەگەر خوای گەورە ئەو شێوە مەرگەم بە خۆ بەهیلاکدان دانەنێ، نا، پەشیمان نیم، چونکە بە لێنم بە میللـەتی کورد دابوو لەگەڵیان بژیم و لە پێناویاندا بمرم! دەزانم ئەگەر من ڕۆیبام و ئەمنتان نەکەوتایە بەردەست، دڵنیام کەسانی زۆرتان لە خەڵکی مەهاباد و میللـەتی کورد بە تۆڵەی من دەکوشت، جا بۆیە خۆشحاڵم بەوەی یەکەم کار من بێ تاوان دەکوژرێم، دووەمیش بە بەڵێنی خۆم وەفام کرد و هیوادارم ڕووسووری دنیاو قیامەت بم لەلای خوداو لەلای میللـەتەکەی خۆم!".
پرسیار: ئایا کاتێک تۆ زیندانی بووی، بارزانی لە دەرەوەی مەهاباد، هیچ نەخشەو پلانێکی بۆ ڕزگارکردنت هەبوو یان شتیتر؟
قازی محەممەد گوتی: "بەڵێ، بارزانی خەبەری دامێ کە هەر شەوێک دەڵێ، من دەتوانم ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانم بنێرم و بێنە ناو پادگان و بە هەر جۆرێک بێت لە بەندیخانە ڕزگارت بکەم! مەلا مستەفا زۆری مەبەست بوو لە بەندیخانە نەمێنمەوە و نەکوژرێم!".
پرسیار: ئەی بۆچی ئەو کارەی نەکرد؟
وەڵام: من خۆم نەمویست!
پرسیار: لەبەرچێ؟ بۆچی ئامادە نەبووی ڕزگارت ببێ؟
قازی محەممەد وەڵامی دایەوە: "لەبەر چەند هۆیەکەوە بوو!".
سەرهەنگ عەتایی پرسی: "هۆیەکان چی بوون؟".
قازی محەممەد گوتی: "سەرەتا لەبەر ئەو پەیمان و بەڵێنانەم بوو کە گوتم; دووەمیش بۆ ئەوە بوو زیاتر لەوە خوێن نەڕێژرێ، بەتایبەت لە پێناوی مانەوەی مندا، و من نیگەرانی کوشت و کوشتار بووم!".
سەرهەنگ عەتایی وتی: "بەڕاستی نیگەرانی خۆت بووی یاخود بارزانییەکان یاخود نیگەرانی سەربازانی ئێمە بووی!؟".
قازی محەممەد گوتی: "نەوەڵلا، نە نیگەرانی خۆم بوون و نە نیگەرانی سەربازانی ئێوە، بەڵکو نیگەرانی کوردەکان و لاوەکانی بارزانییەکان بووم، دەنا من ئەوەم بۆ خۆم داناوە و دەمزانی هەر دەکوژرێم; ئەمەیان ئاواتی منە!".
سەرهەنگ عەتایی گوتی: "دەکرێ بڵێی بۆ ئەوەندە نیگەرانی بارزانییەکانی!؟".
قازی محەممەد: "لەبەر چەند هۆیەک!".
سەرهەنگ عەتایی: "ئەو هۆیانە چین؟".
قازی محەممەد: "چونکە مەلا مستەفا و بارزانییەکان هیوای دواڕۆژی میللـەتی کوردن و منیش پەرچەمی کوردستانم بە ئەوان سپاردووە، ئەوان پارێزگاری ئەو پەرچەمە

(ئالا) بکەن تا ڕۆژی خۆی. ئالای کوردستان لای ئەوانە، نەک ئەوە کە سەرهەنگ نیکوزاد تفی لێ کردو پێی لەسەر دانا! هیوام بەو خوایە، ڕۆژێک بێت و ئەو ئالایە بە دەستی بەتواناو بەهێزی بارزانی لەسەر ئەم خانووەی کە منی تێدا دادگایی دەکرێم و هەموو شوێنە بەرزەکانی کوردستان بشەکێتەوە!!".
سەرهەنگ عەتایی: "دوایین پرسیار، ئایا بەڕاستی خۆت نەچووی یا مەلا مستەفا لەگەڵ خۆی نەیبردی و نەیویست لەگەڵیدا بیت؟".
قازی محەممەد: "وا دیارە ئەوانەی من ئێستا وتومە، باوەڕت پێیان نییە!؟".
سەرهەنگ عەتایی: "نا، حەز دەکەم ڕاستییەکەیم پێبڵێی!".
قازی محەممەد: "سەرهەنگ پێت ڕادەگەیێنم کە تۆش ئیهانە نەکەی! یانی چی ڕاستییەکەیت پێ بڵێ !؟ نا من بۆ کوێ دەڕۆم، ئێرە خاکی کوردستانە! باب و باپیرانم لێرە ژیاون، خۆ من پیشەوەری ژنسیفەت نیم
وڵات و میللەتەکەم بەجێ بهێڵم و هەڵێم!!".
سەرهەنگ عەتایی لە ترسی قازی محەممەد دووبارە توڕە نەبێتەوە و وەک نیکوزاد ئەویش ڕیسوا نەکا بە پەلە داوای لێبووردنی کرد و سوێندی خوارد کە مەبەستی ئیهانەکردنی نەبووە، بەڵکو قسەیەک بووە و هاتووە!".قازی محەممەد گوتی: "ئەگەر قسەیەکم گوتبێ و ئێوە پێتان خۆش بووە، ئەوە دیارە زۆریانم پێچەوانە پێگوتون، دەنا یەقینەن ئەوەی وتوومە، هەمووی وایە!".
سەرهەنگ عەتایی: "بەڕاستی داوات لێدەکەم وەڵامی ئەو پرسیارەشم بدەوە کە ئەوەندە هۆگریت بە میللەتەکەت و وڵاتەکەت هەیە! بۆچی و چۆن بوو ئیجازەت بە بێگانەدا بێتە ئەم وڵاتە و ببێتە سەرباری گەلەکەت!؟".
قازی محەممەد: "دیارە ئەوەندە ئەو وشەیە دووبارە دەکەمەوە، مەبەستتان هێزەکانی ڕوس و ئینگلیزە!".
سەرهەنگ عەتایی: "نا، مەبەستم مەلا مستەفا بارزانییە!".
قازی محەممەد بە پێکەنینەوە گوتی: "دەمێکە وەڵامی ئەو پرسیارەم داوەتەوە، دووبارەکردنەوەی پێناوێ، پێم گوتن بارزانی نە من هێناومە و نە بێگانە و گەیرە کوردە! مەلا مستەفا کوردە و کوردستانماڵی هەموو کوردێکە و مەلا مستەفا بارزانی وەکو ئینسانێک لە بەشێکی ماڵەکەی خۆی هاتۆتە بەشێکیترەوە! هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە لە هەر شوێن و لایەکی ملک و ماڵی خۆیدا دابنیشێ و ئەوە مافی خۆیەتی و
باش باش بزانن، من خۆم حەزم نەکرد بڕۆم، دەنا من چەندین ئۆتومبێلم لەبەردەستدا هەبوو; هەرکات و سەعاتێک مەیلم بوایە، دەمتوانی بڕۆم و لە خاکی ئێران دەربچم. زۆر باشیش لە سەرەنجامی کارەکەی خۆم ئاگادار بووم! ئێوەشم زۆر باش دەناسی، هەروەک بارزانی گوتی، ئێوەی عەجەم لە کاتی زەلیلیدا کەس نازانێ و ناتوانێ وەک ئێوە بپاڕێتەوە و مەزلومییەتی خۆی نیشان بدا، بەڵام لە کاتی دەسەڵاتداریدا، کەس لە

عەجەم زاڵمترو بێبەزەیی و کەللەڕەقتر و دڵ ڕەشتر نییە!!".

بەم شێوەیە دادگایی قازی محەممەد کۆتایی هات. ئینجا نۆرەی محەممەد حوسێنخانی سەیفی قازی هات و زۆر بە هەیبەت و ویقارو لەسەرخۆیی و بوێری هاتە ژوورەوە و هەر پێی وانەبوو ئە مە دادگایە.



سەرهەنگ نیکوزاد هاتەوە سەر شوێنی ڕەسمی خۆی و ڕووی لە سەیفی قازی کردو دەستیکرد بە پرسیار: تۆ چۆن بووی بە وەزیری جەنگ و بۆچی ئەو بەرپرسیاریەتیە پوشالییەت (پەمبەیی) وەرگرتو مەبەستت لەم کارە چی بوو؟
سەیفی قازی: من بە ئیفتیخارەوە ئەو ئەرکەم وەرگرت و مەبەستم خزمەت بە گەلەکەم بوو، هیچیتر! پرسیار: مەبەستت خزمەت بوو یان بۆ ئەوە بوو لە ڕێگای مەسئولیەتدا پووڵ وەسەریەک بنێی و پێی بژی؟ سەیفی قازی: (بە پێکەنینەوە) سەرهەنگ، مەگەر تۆش من ناناسی، نەک هەر بۆ پووڵم نەکردووە، بەڵکوو من مەبلەغی دوو میلیۆن تمەنم بۆ میللەت و کۆماری کوردستان خەرU کردووە کە

دارایی و سەروەتی تایبەتی و کەسیی خۆم بووە. سەرهەنگ، وادیارە نەک هیچ هەر لە

بارەی منەوە نازانی، بەڵکوو شتێکی ئەوتۆش لە کارو داب و نەریتی دادگا و دادڕەسی نازانی!

لێرەدا چونکە سەرهەنگ لە جنێوەکانی قازی محەممەد تووڕە بوو و دڵی پڕ بوو و هەستی بە تێکشکان و دۆڕان دەکرد، ویستی بەهانەیەک بە سە یفی قازی بگرێ و خۆی تووڕە بکات. بەڵام سەیفی قازی ئاگاداری کردەوە و پێیگوت: "ئێمە تازە دەستمان لە ژیان و ماڵی خۆمان شوشتووە و ئەگەر بە قەد تۆزقاڵێک بێ ئەدەبی و جەسارەت بکەی، من وەکو قازی محەممەد نیم هەر بە قسە و جنێودان وازت لێبێنم، (مستی خۆی گرێ کرد و بە سەرهەنگی نیشان دا و پێی وت) بەم مستە سەرو گوێلاک و دەم و ددانت دەشکێنم.... ئاخر لە مەرگ زیاتر کە ئاواتی ئێمەشە، چیتر هەیە!؟

یەک میلیۆن درۆ و بوختان و قسەی قۆڕ و شتیترتان، شتیتری بێواتاتان بۆ درووست کردووین، ئەوجا خەریکن غەڵەت و ناماقوڵی زیاتریش دەکەن!

هەموو ئەو درۆو بوختانانەی کە سازتان کردووە، هیچ بنەما و ئەساسێکیان نییە، بەڵام ئێستا من لێرە ڕادەگەیێنم کە ئەو هەموو درۆو بوختانانە بە شانازییەوە لەسەر خۆم قەبوڵ دەکەم، ئیتر ئامادە نیم هیچ وەڵامێکتان بدەمەوە!". بەم شێوە دادگای سەیفی قازیش کۆتایی هات.

ئینجا نۆرە گەیشت بە ئەبولقاسم سەدری قازی و هێنایانە بەردەم دادستان و یەکەم پرسیارێک کە ئاراستەیان کرد ئەوە بوو کە ئایا مەبەستت لەو نامەیە چی بوو کە بۆ قازی محەممەدتان نووسیوە و داوات لێکردوە خۆڕاگرن تا کۆمەکتان دەگاتێ!؟ سەدری قازی گوتی: "هەرگیز شتێکی وا لە ئارادا نییە و ئەگەر دەڵێن بووە، فەرموون بیخەنە ڕوو!".

دادستان گوتی: ئەدی ئەو شێعرە چییە کە بۆ بارزانیت نووسیوە؟

سەدری قازی: بەڵێ، ئەوە من نووسیومە، خۆشم ویستووە و شێعرم بۆی نووسیوە!



دادستان: ئایا ئەو یارمەتییەی کە تۆ نووسیوتە، پێشتریش بووە یان بۆ جاری یەکەم بووە کە لەلایەن بێگانەوە کۆمەکتان پێبکرێ؟
سەدری قازی: ڕەدی دەکەمەوە، شتی وا نەبووە!
دادستان: بۆچی لە تەورێز لەگەڵ "پیشەوەری" کۆبوونەوەت کردووە و وتوێژتان لەگەڵ "ئەماز عەلی ئۆف" فەرماندەی نیزامی ڕوس لە میاندواو و ئەلکساندر لە مەراغەو کۆنسۆلی ڕوس لە ئورومیە هاتوچۆو دانیشتن و کۆبوونەوەتان لەگەڵیاندا کردووە؟
سەدری قازی: ئەوانە پێویستییەکانی ڕۆژگار بوون!
دادستان: ئەو کارانە جاسوسی بووە بۆ ڕوسەکان!
سەدری قازی ئەم بۆچوونەی ڕەددایەوە و گوتی: جاسوسی بۆ کێ، بۆچی، چی لە وڵاتی ئێمەدا هەبوو کە ڕوسەکان نەیاندیبێ وەک ئەوەی هەبووە!؟ شتێک، جێگەیەک هەیە کە ڕوسەکان خۆیان بۆی نەچووبن؟
ئینجا دادستان ناوی چەند نامەیتری هێنا کە ئاواو ئاوات نووسیون. سەدری قازی گوتی: "هەر شتێکم بۆ هەر جێگایەک نووسیبێ نوسخەیەکم (کۆپییەک) لای خۆم هێشتۆتەوە، تکایە پەروەندەی ئێمە بنێرن بۆ تاران، نامەو بەڵگەنامەکانی من هەمووی لەوێیە، باشتر ڕوون دەبێتەوە کە من چیم بۆ کوێ نووسیوە!".
بەم شێوەی دادگاییکردنی دووبارەی هەر سێ قازییەکان تەواو بوو. دەستەی دادگایی دووبارە کەوتنە گفتوگۆکردنو موناقەشە. بە پێچەوانەی دادگایی مەیدانی پێشوو کە لە کەمتر لە نیو سەعاتدا موناقەشەی نێوان خۆیان براندەوە، ئەمجارە ماوەی زیاتر لە دە سەعاتی خایاند تا بڕیاری خۆیان وەرگرت. لە ماوەیەدا پێوەندی بێتەل لەنێوان مەهاباد و تاراندا بەردەوام بوو تا ئەوەی کاتژمێر دوانزەی نیوەشەو دادگا بڕیاری وەرگرت و بڕیاری لەسێدارەدانی هەر سێ قازییەکانی بڕیەوە و زۆر بە پەلە ئەو بڕیارە بە تارانیش ڕاگەیەنرا.
کەچی هیچ کام لە قازی محەممەدو سەدرو سەیفی قازی و ئێمە لە بڕیارەکەی تاران تێنەدەگەیشتین، بەڵام کاتێک بینیان ڕەنگ و ڕووی فەرمانداری نیزامی زۆر گۆڕاوە و دەستی دەلەرزن و بە پەلە بەهۆی بێتەلەوە خەریکی پێوەندی کردنە، هەستمان کرد کە توندترین بڕیار وەرگیراوە.
ئەگەرچی بڕیار وابوو ئەو شەوە تەنیا نیو سەعات پێوەندی بێتەل دەگەڵ تاراندا هەبێ، بەڵام ئەو شەوە دیار بوو ستادی ئەرتەش و دەرباری شا تا بەیانی چاوەڕوانی ئەنجامی کۆتایی دادگاکە بوون. ئەوەی ڕاستی بێ دادگای دووبارەپێداچوونەوەو دادگاکردنەوەش هەر هەمان ئەو تاوانانەی دادگای مەیدانی پێشووی دووبارە کردنەوەو بۆ هیچ لە تاوانەکان بەڵگەی پێدقی نەخستە ڕوو. هیچیش گوێیان بە ڕەدکردنەوەی تاوانبارەکان نەداو بڕیاری لەسێدارەدانی هەر سێکیانی پەسندکرد. ئیتر

کەوتنە خۆ شوێنێک لەنێو شاردا بدۆزنەوە تا داری سێدارەیان لێ هەڵبخەن. دیاربوو فەرمانداری نیزامی زووتر لەوەی بڕیاری دادگا وەربگیرێ، ڕۆژێک زووتر ئەو خانووەی لە چوارچرایەو چەند نهۆمە، دەسنیشانکردبوو، واتە هەر لە هەوەڵەوە شوێنی لەسێدارە دانیشیان بۆیان دەسنیشان کردبوون. فەرماندار گوتی شوێنی پێویستمان ئامادە کردووە.

سەرەتا ویستیان جێبەجێکردنی حوکمەکە بۆ فەرمانداری مەهاباد بەجێهێڵن و ئێمە دەگەڵ دەستەی دادگا خۆمان بەرهەà کرد بگەڕێینەوە تەوریز و لەوێوە بەرەو تاران بڕۆین، بەڵام لەناکاو دەستوور هات تا جێبەجێکردنی حوکمەکە دەبێت دەستەی دادگا لەوێ ئامادە بن. ناچار ماینەوە تا لەسێدارەدانی قازییەکانبەڕێوە بچێ. هەر سێ قازییەکان لەدوای دادگاکردنەوە لەنێو پادگاندا لە ژوورێکیان دانابوو، بەڵام دەوراو دەوری ئەو خانووە بە چاودێرو چەکدار چاودێری دەکرا نەبادا نییەتیان بێت خۆیان ڕزگار بکەن. بڕیار درا یەکە یەکە لە ئۆتۆمبیل سوار بکرێن و هەر ئۆتۆمبیلێک 01 چەکداری (سەرباز) لەتەک سوار بێ. پێیان گوتن دەتان نێرین بۆ تاران. فەرمانداری مەهاباد دەستووری دا بە ئەفسەرێک کە بڕوات و یەکە یەکە بییانهێنێ بۆ مەیدانی چوارچرا.

کیومەرس ساڵح دەنووسێ: ”منیش بۆ تەواوکردنی ڕاپۆرت بۆ گۆڤارەکەم، چوومە بەندیخانە. کاتێک لەگەڵ ئەفسەرێکدا چووینە ناو بەندیخانەکەوە دیتمان قازی محەممەد خەریکی نوێژکردنە. ئەفسەر هەواڵەکەی بە قازییەکان ڕاگەیاند و پێی وتن خۆتان کۆکەنەوە، دەتاننێرینە تاران! هەر دوو سەدرو سەیفی قازیبەتایبەت ئەبولقاسم زۆری پێخۆش بوو، دواتر کە سەلامی نوێژی دایەوە، بینیمان کە هاتنی ئێمە و ئەم هەواڵە هیچ کاری تێ نەکردووە. بە پەلە جلوبەرگ و شتومەکی خۆیان کۆکردەوە و ئامادە بوون. گوتیان مادام دەچین بۆ تاران، ئیزن بدەن هەواڵ بە ماڵەوەمان بدەین با پووڵ و پارەیەکمان بۆ بنێرن بۆ خەرجی ڕێگا. ئەفسەرەکە گوتی نا، پێویست ناکا، چونکە بەرپرسانی پلەبەرز پارەیان داوەتە ئەفسەری بەرپرسی ئەو کارە بۆ خەرجی ئێوە، بۆیە پێویست بەوە ناکا ئێوە پارە لەگەڵ خۆتان بێنن!

بەپێی بڕیار، هەر یەکە لە قازییەکان لەگەڵ دەکەس چەکداری چاودێر سواری لۆرییەک کران، بەڵام هەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەوە فەرماندار بارودۆخی نائاسایی لە شاردا ڕاگەیاندبوو. هەر بەو جۆرە لە ماڵ وەدەرکەوتن قەدەغە بوو. تەواوی ناو شارو دەوروبەریش بە ئەفسەرو سەرباز تەنرابوو. لە ماوەی سەعاتێکدا هەر یەکە لە قازییەکان بە جیا لەگەڵ ١٠ سەربازدا لەنێو ئۆتۆمبێلدا سوارکران. قازی محەممەد لەناو یەکەم ئۆتۆمبێل و محەممەد حوسێن سەیفی قازی لە ئۆتۆمبێلی دووەمو لەبۆ ئەبولقاسم سەدری قازی لە ئۆتۆمبێلی سێیەمدالەنێو ماشیندا چاوەڕوانی دەستوور بوون کە وەڕێبکەون. بەڵام لە تارانەوە دەستوور درابوو گوایە بۆ ترساندنی خەڵکی

کورد و پەندو عیبرەتوەرگرتنیان، لە مەیدانی چوارچرای ناو شاری مەهاباد بە هۆی هەڵواسین بە دارەوە، لەسێدارە بدرێن.

فەرمانداری مەهاباد لە کاتی هاتنی دەستەی دادگا بۆ مەهاباد، ئەو خانووەی کە لە مەیدانی چوارچرا بوو بە دانیشتوانی چۆڵ کردبوو. ئەو خانووە سێ نهۆمو هەر سێ نهۆمەکەی پێ چۆڵ کردبوون بە بەهانەی ئەوەی کە گوایە شەو ئەفسەری چاودێری شار لەوێ دەبێ. ئەو خانووە سێ دەرگای هەبوو، یەکێک لە دەرگاکان بۆ مەیدان دەکرایەوە، یەکێکیان بۆ دەرەوەی مەیدانو یەکێک بۆ حەوشەیەکی بچووک کە هەیبوو. دەستووری ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلی قازی محەممەد بەرەو مەیدان درا. کە ئۆتۆمبێل گەیشتە پێش دەرگای ئەو خانووەی مەیدانی چوارچرا، قازی محەممەد پرسیاری کرد: "بۆ دەبێ لێرە دابەزم؟". ئەفسەر پێیگوت: "سەفەرەکەی تۆ لێرەوە بەرەو تاران ڕێکدەخرێ و چەند پرسیارێکی لاوەکی ماوە، لێرە لێتان دەکرێ!". قازی محەممەد دابەزی. کاتێک هاتە ناو ڕاڕەوەکەوە، دیتی دادستان سەرهەنگ نیکوزاد و مەلایەکی کوردەواری و چەند سەربازی چەکدار لە ژوورەکەن و هەروەها مێزێکی گەورە و قورئانێک کە لەسەر مێزەکە دانراوە، هەروەها سەرۆکی بەهداری (تەندرووستی) کە تازە لە تارانەوە بۆ مەهاباد هاتبوو لەوێن. لەناو ژوورەکەدا یەکسەر تێگەیشت کە چوونی تاران درۆیە و بە فریو هێناویانن بۆ چوارچرا. دادستان سەرهەنگ نیکوزاد دەستیکرد بە خوێندنەوەی حوکمی دادگا و قازی محەممەدی حاڵی کرد کە دەبێ هەر ئێستاکە ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێ.
بە قازی محەممەدی گوت ئەگەر وەسیەتێکتان هەیە، بیکە یاخود بینووسە! قازی محەممەد زۆر بە گورU و گۆڵی چووە پشت مێزەکەو دەستیکرد بە نووسینی وەسیەتنامەکە. تا چەند لاپەڕەیەکی نووسی، پاشان دیار بوو ماندوو ببوو، بۆیە بە مەلای مەهابادی گوت وەرە ئەوەی من دەیڵێم بینووسە! قازی محەممەد زۆر بە ڕوونی ئەوەی دەیگوت، پێی نووسی: "فلان زەویو فلان جێگەو فلانە بۆ مزگەوتو قوتابخانەو نەخۆشخانە بێ. تا بۆ گەلی کورد، نەوەی داهاتوو سوودی لێوەربگرێ". ئامۆژگاری یەکگرتنو پێکەوە ژیانو خۆشەویستی بۆ کورد کرد. کاتێک وەسیەتنامەکەی تەواو بوو، دەستیکرد بە نوێژکردن و تۆبە و لە خوا پاڕانەوەی بەجێ گەیاند. ئەم کارە نزیکەی سێ و نیو کاتژمێری خایاند. دادستان لە بەسەرچوونی ئەو ماوەیە دوورو درێژە زۆر ناڕەحەت و نیگەران بوو. بە پەلە بوو بۆ گەڕانەوەی تاران. دوای ئەوەی قازی محەممەد وەسیەتنامەی نووسی و نوێژ و لە خوا پاڕانەوەی بەجێگەیاند، داوای کرد کە ئیزنی بدرێ چەند وەسیەت و ئامۆژگاری بۆ خەڵکی کورد بنووسێ. دادستان ئیزنی ئەوەی پێدان و داوای قەڵەم و کاگەزی کرد. هەر بۆ ئەوەی دادستان نیکوزاد و هەموو ئامادەبووان گوێیان لێبێ و حاڵی بن، بە مەلای گوت بنووسە، هەرچی من پێت دەڵێم تۆ هەر ئەوە دەنووسی! مەلا گوتی قوربان چی بنووسم، بزانم ئەوەی جەنابت دەتەوێ من

بینووسم، بزانین دادستان ئیجازەی ئەوەت پێدەدا!؟ قازی محەممەد تورە بوو و گوتی: "دادستان کێیە ئیزن بە من بدا یا نەدا داخوا دەمەوێ بلێم چی!!".

لێرەدا کیومەرس ساڵح دەڵێ: "قازی محەممەد ئەو شتانەی بە فارسی بە مەلای دە گوت، داوای کرد کە بە کوردی بیاننووسێ". مەلا گوتی: "قوربان نازانم بە کوردی بنووسم!". قازی محەممەد تورە بوو و گوتی: "ئەمەش یەکێکیتر لە بەدبەختییەکانی گەلی کوردە!". لە درێژەی ئەم باسەدا کیومەرس ساڵح دەنووسێ: "ئینجا قازی محەممەد دووبارە خۆی دەستیکردەوە بە نووسینی وەسیەتنامەکەی. بەم شێوەی خوارەوە کە بە خەتێکی زۆر خۆشیشی نووسیوە:

بسم اللـه الرحمن الرحیم

میللـەتی رۆڵە و برا عەزیزەکانم، برا خۆڕاگرەکانم، میللـەتە زوڵملێکراوەکەم، وام لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا چەند ئامۆژگاریەکتان دەکەم! وەرن بە خاتری خوا چیتر دوژمنایەتی یەکتری مەکەن! یەک بگرن و پشتان وەیەکتری بدەنو لە بەرابەر دوژمنی زۆردارو زاڵم بوەستن! خۆتان بە خۆڕایی بە دوژمن مەفرۆشن! دوژمن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ تا کاری خۆی پێتان جێبەجێ دەکاتو قەت بەزەیی پێتان دانایە! لە هەر کاتێکدا بێ، قەت لێتان نابوورێ! دوژمنانی گەلی کورد زۆرن، زاڵمن، زۆردارن، بێبەزەیین. رەمزی سەرکەوتنی هەر گەلو نەتەوەیەک، یەکگرتنو یەکبوونە! هەر میللـەتێک یەکێتی و تەبایی نەبێ، هەردەم ژێردە ستی دوژمنانی دەبێ! ئێوە گەلی کورد هیچتان لە گەلانی سەر ئەم گۆی زەوییە کەمتر نییە، بەڵکو لە پیاوەتیو غیرەتو لێهاتوویی لە زۆر لەو گەلانەی کە رزگاربوون لە پێشترن! ئەو میللـەتانەی کە لە چنگی دوژمنە زۆردارەکانیان رزگاریان بووە، وەک ئێوەن، بەڵام ئەوانەی خۆیان رزگارکردووە، یەکێتیان لەنێواندا هەبووە، با ئێوەش وەکو هەموو گەلانی رووی زەوی، چیتر ژێردەست نەبن! هەر بە یەکگرتنو حەسوودی بەیەک نەبردنو خۆنەفرۆشتن بە دوژمنان لەدژی نەتەوەکەمان، دەتوانن رزگار بن!

براکانم، چیتر فریوی دوژمن مەخۆن! دوژمنی کورد، لە هەر رەنگو دەستەو قەومێک بێ، هەر دوژمنە، بێرەحمە، بێویژدانە، رەحمتان پێناکا، بە یەکترتان بەکوشت دەدا، تەماحو وەبەردەنێ، بە درۆو فرو فێڵ بەگژ یەکترو دەکا! لەناو هەموو دوژمنەکانی گەلی کورد، عەجەمی دوژمن لە هەموان زاڵمترو مەلعونترو خوانەناسترو بێبەزەییترە; لە هیچ تاوانێک بەرانبەر بە گەلی کورد دەست ناگێڕێتەوە! هەر بە درێژایی مێژوو لەگەڵ گەلی کورد غەرەزو کینەی ریشەداری هەبووەو هەیەتی! تەماشاکەن، بڕوانن

تەواوی گەورە پیاوانی گەلەکەتان لە سمایل ئاغای شکاکەوە بگرە تا جەوهەر ئاغای برای هەمزە ئاغای مەنگوڕو چەند و چەندین مرۆڤی دیکە، هەر هەموویان بە فریودان ئارامیان کردنەوەو خەڵکیان لە پشت کردنەوەو ئینجا زۆر نامەردانە کوشتیانن! هەموو ئەوانەیان بە سوێندو قورئان فریودران کە گوایە عەجەم نیەتی خێری لەگەڵیاندا هەیە و چاکەیان لەگەڵدا دەکا، بەڵام هەر کوردی خۆشباوەڕەو بە سوێندو سۆزی عەجەم فریوی خواردوە و باوەڕی پێهێناون، کەچی تا ئێستاش بە درێژایی مێژوو کەس نەیدیوە تاکە جارێکیش عەجەم بە سوێند و وادەو ئەو پەیمانانەی کە بە سەرانی داوە، وەفای پێبکاو وادەکانی لەگەڵ کورد بەجێ بگەیەنێ، هەرهەمووی درۆو فرو فێڵ بووە! جا وا من وەکو برایەکی چوگەی ئێوە، لە ڕێگای خودا، بۆخاتری خودا پێتان دەڵێم یەکتر بگرنو قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن! دڵنیا بن، ئەگەر عەجەم هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێدا کردووە.
بە سوێندو بەڵێنی درۆی عەجەم فریومەخۆن، کە ئەگەر هەزارجار دەست لە قورئانی پیرۆزیش بداو بەڵێنتان پێبدا، دڵنیا بن تەنیا مەبەستی فریودانی ئێوەیە تا وەکو فێڵێکتان لێبکا!
وا من لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بە خاتری خودای گەورە، ئامۆژگاریتان دەکەم، پێتان دەڵێمو خوا بۆخۆی دەزانێ کە من ئەوەی لە دەستم هات بە سەرو بە گیان و تێکۆشان، بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و ڕێگەی ڕاست نیشاندانی ئێوە دری»یم نەکردووە! ئێستاش لەو ساتەداو لەو بارودۆخەدا دیسان پێتان ڕادەگەیەنم کە چیتر فریوی عەجەم مەخۆنو باوەڕ بە سوێندو دەستلەقورئاندانو بەڵێنو سۆزەکانیان مەکەن، چونکە عەجەم نە خوا دەناسن و نە باوەڕیان بە خواو پێ»ەمبەر هەیەو نە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەتو حیسابو کتاب هەیە! لەلای ئەوان ئێوە هەر لەبەر ئەوەی کە کوردن، با موسڵمانیش بن، تاوانبارو مەحکومن! بۆوان دوژمنن، سەر و ماڵو گیانتان بۆ ئەوان حەڵاڵەو بە غەزای دەزانن! هەرچەندی کە بەڵێنم وانەبوو من بڕۆمو ئێوە لە دەست ئەو دوژمنە دڵڕەشانە بەجێ بهێڵم، بەڵام کە زۆر جاریش بیرم لە ڕابردوو و گەورەپیاوانمان دەکردەوە، کە عەجەم بەفریوو سوێندو درۆو حیلە گرتوویاننو کوشتویانن، چونکە لە مەیدانی نەبەردیدا پێیان نەوەستان، ناچار بە درۆو فرو فێڵ هەڵیانخەڵەتاندوون و کوشتویانن!
من ئەوانم هەر هەموویان لەبیر بوو، قەتیش باوەڕم بە عەجەمان نەکردووە، بەڵام عەجەم لە پێش گەرانەوەیان بۆ ئێرە، چەندین جار وەڵامو ڕاسپاردەیان بە نامەو بە ناردنی کەسی ناوداری کوردو فارس بە دانی بەڵێنو پەیمانی یەکجار زۆرو بۆرەوە کە دەوڵەتی عەجەم و شا خۆی نیەتی خێریان هەیە و ئامادە نین تاکو دڵۆپێک خوێن لە کوردستان بڕژێ، ئێستا ئێوە ئەنجامی بەڵێنەکانیان بە چاوی خۆتان دەبینن! ئەگەر سەرانی هۆزو عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردبا و خۆیان بە حکومەتی عەجەم نەفرۆشتبا، ئێمە و ئێوەو کۆمارەکەمان وای بەسەردا نەدەهات! ئامۆژگاریو

وەسیەتم ئەوەیە با منداڵەکانتان بخوێنن، چونکە ئێمەی میللـەتی کورد، هیچمان لە میللـەتانیتر کەمتر نییە، ئیلا خوێندن نەبێ! بخوێنن بۆئەوەی لە کاروانی گەلان دوانەکەون! هەر خوێندن چەکی کوشەندەی دوژمنە! دڵنیا بن و بزانن ئەگەر تەبایی و یەکگرتن و خوێندەواریتان باشبێ، زۆر باشیش بەسەر دوژمنانتان سەردەکەون! ئێوە نابێ بە کوشتنی منو براو ئامۆزاکانم چاوتان بترسێ، هێشتا دەبێ زۆر کەسی دیکەی وەکو ئێمە لەو رێگایەدا بەخت بکەن تا دەگەنە ئاوات و مەبەستتان!

دڵنیام لە دوای ئێمەش زۆر کەسیتر هەر بە فێڵ و دووڕوویی لەبەین دەبرێن! دڵنیام زۆر لەوانەی لەدوای ئێمەش زاناترو لێهاتووتر دەبن، بەڵام هیوادارم کوشتنی ئێمە ببێتە پەندو عیبرەت بۆ دڵسۆزانی گەلی کورد.
وەسیەتێکیترم بۆ ئێوە ئەوەیە کە لە خوای گەورە داوابکەن هەر چیەکتان بۆ سەرفرازی ئەو گەلە کرد، کۆمەکتان لە ئەو بووبێ، دڵنیام خوای گەورە سەرتان دەخاو کۆمەکتان دەکا! رەنگە بڵێن ئەی بۆ من سەرنەکەوتم!؟ لە وەڵامدا دەڵێم، بەو خوایە من سەرکەوتووم، چ نیعمەتێک و چ سەرکەوتنێک لەوە گەورەترە کە ئێستا وا من لە رێگەی گەلو میللـەتو وڵاتەکەمدا، سەرو ماڵو گیانم لە پێناوی ئەودا دادەنێم! باوەڕبکەن، من خۆم لە دڵمەوە ئارەزووم بوو ئەگەر مردم، بە مەرگێک بمرم کە لە حزوری خواو رەسوڵی خواو گەلو میللـەتەکەمدا رووسوور بم، بۆ من ئەو مەرگە سەرکەوتنە!

خۆشەویستەکانم، کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، هەر وەکو لە ماڵەوەدا ئەندامانی ئەو ماڵە هەرکەس لە هەر جۆرە کارو کردەوەیەکدا دەیزانێ، ئەو کارەی پێدەسپێرن، ئیتر کەس مافی چاوچنۆکی پێ نییە; کوردستانیش هەر ئەو ماڵەیە، ئەگەر زانیتان کەسێک لە ئەندامانی ئەو ماڵە کارێکی لەدەستدێ، لێیگەڕێن با بیکا! ئیتر نابێ بەرد بخەنە سەر رێی و نابێ بەوە دڵگیر بن کە یەکێک لە ئێوە بەرپرسایەتی گەورەی بە دەستەوەیە! ئەگەر کاری گەورە کەوتە سەرشانی کەسێکو بەرێوەی دەبا دیارە لێی دەزانێو بەرپرسیارەتی گەورەتریش لەبەرانبەر ئەو ئەرکەدا هەیە. دڵنیا بن، هەر برا کوردەکەت چاکترە تا دوژمنی کینە لە دڵ!
ئەگەر من بەرپرسیارەتی گەورم لەسەر شانی نەبا، ئێستا لەژێر داری سێدارەدا رانەدەوەستام، بۆیە نابێ لەگەڵ یەکتردا چاوچنۆک بن! ئەوانەی فەرمانی ئێمەیان بەجێ نەگەیاند، نەک هەر فەرمان جێبەجێ نەکردن، بەڵکو بە تەواوی دوژمنایەتیان دەکردین، لەبەر ئەوەی خۆمان بە خزمەتکاری خەڵکی خۆمان دەزانی! ئێستا ئەوان لەنێو ماڵ و منداڵی خۆیان لە شیرینخەودان، بەڵام ئێمە بە ناوی خزمەتکردن بە میللـەت، وا لەژێر داری سێدارە داین و خەریکم دوایین ساتەکانی ژیانم بەم وەسیەتنامەیە تەواو دەکەم! جا ئەگەر منیش بەرپرسیارەتی گەورەم لەسەرشان نەبوایە، ئێستا منیش وەک ئێوە لەناو خاوخێزان و لە ماڵی خۆم لە شیرینخەودا دەبووم! ئەوەی کە ئامۆژگاریتان بۆ

دوای خۆم دەکەم، ئەمەش یەکێکە لەو بەرپرسیاریەتیانەی کە لەسەرشانمە! دڵنیام ئەگەر کەسێکیتر لە ئێوە بەرپرسیاریەتیەکانی منی وەئەستۆی خۆی گرتبا، ئێستا ئەو لە شوێنی من لەژێر سێدارە دەبوو!

وا من بە مەبەستی ڕەزایەتی خوداو بەپێی بەرپرسیاریەتی سەرشانم، وەکو کوردێکی خزمەتکاری گەل و لە ڕێگای کاری چاکدا (امر به معروف) ئەو چەند ئامۆژگارییەم کردن کە هیوادارم لەمەودوا عیبرەت وەربگرن و بە تەواوی گوێ لە ئامۆژگارییەکانم بگرن! بە هیوای خوای گەورە، بەسەر دوژمنانتاندا سەرکەون!

١- باوەڕتان بە خوداو ماجاö من عندالله و پەرستنی خوداو پێغمبەری د. ح. بەجێگەیاندنی ئەرکی ئایینی پتەو بێ!
٢- یەکێتی و تەبایی لەنێوان خۆتاندا بپارێزن! کاری نەشیاو مەکەن! لە بەرانبەر یەکتردا چاوچنۆک مەبن، بەتایبەت لە بەرپرسیاریەتی و خزمەتکردندا!
٣- خوێندن و زانست و پلەی زانیاریتان بەرنە سەرەوە، بۆئەوەی کەمتر فریوی دوژمنان بخۆن!
٤- باوەڕ بە دوژمنان مەکەن، بەتایبەت بە عەجەم، چونکە بە چەند هۆو ڕێگاوە عەجەم دوژمنی ئێوەیە! دوژمنی گەل و نیشتمان و ئایینتانە! مێژوو سەلماندوویەتی کە بەردەوام لە کورد لە بەهانەیە و بە کەمترین تاوان دەتانکوژێ و لە هیچ تاوانێک بەرانبەر بە کورد دەست ناگێڕێتەوە!
٥- بۆ چەند ڕۆژێک ژیانی بێقیمەتی ئەم دنیایە، خۆتان مەفرۆشن بە دوژمن، چونکە دوژمن دوژمنە و جێگەی هیچ باوەڕپێکردنێک نییە!
٦- خیانەت بە یەکتر مەکەن; نە خیانەتی سیاسی و نە گیانی و ماڵی و ناموسی، چونکە خیانەتکار لای خوداو مرۆà سوک و تاوانبارە! خیانەت بە ڕووی خیانەتکاردا دەگەڕێتەوە.
٧- ئەگەر یەکێک لە ئێوە توانی کارەکانی ئێوە بەبێ خیانەتکردن ئەنجام بدا، هاوکاری بکەن، نەوەک لە پێناوی چاوچنۆکی و بەخیلییەوە دژی بوەستن; یاخوا نەکا ببن بە جاسوسی بێگانە لەسەری!
٨- ئەو شوێنانەی لە وەسیەتنامەکەدا نووسیومە بۆ مزگەوتو نەخۆشخانەو قوتابخانە، ئێوە هەمووتان داوای بکەن تا دەکرێ و سوودیان لێوەردەگیرێ!
٩- ئێوە لە خەباتو هەوڵو تێکۆشان مەوەستن، تا وەک هەموو گەلانیتر لەژێر چەپۆکی دوژمنان ڕزگارتان دەبێ! ماڵی دنیا هیچ نییە! ئەگەر وڵاتێکو هەبێ، سەربەستیو هەبێ، ماڵو خاکو نیشتمانەکەو هی خۆتانبێ، ئەوکاتە هەموو شتێکتان هەیە، هەم ماڵ، هەم سەروەت، هەم دەوڵەت، ئابرو نیشتمانتان دەبێ!
١٠- من پێم وانییە حەقی خودا نەبێ، حەقیترم لەسەر بێ، بەڵام ئەگەر کەسێک لای

وابوو له كەم تا زۆر شتێكی لای منە، سەروەتێكی زۆرم جێهێشتووە، با بچێ لە واریسانم داوا بكا و وەری بگرێتەوە!
تا ئێوە یەكتر نەگرن، سەرناكەون! زوڵمو زۆر لەیەک مەكەن، چونكە خوا زۆر زوو زاڵم لەبەین دەباو نابوودی دەكا. ئەوە بەڵێنی خواوەندە بێ كەمو زیاد، زاڵم دەڕووخێو نابوود دەبێ و خوا تۆڵەی زوڵمی لێدەكاتەوە.
هیوادارم ئەوانە لەگوێ بگرن و خوا سەركە وتووتان بكات بەسەر دوژمناندا، وەک سەعدی فەرموویەتی: "مراد ما ن¥یحت بود و گفتیم
حوالت با خدا كردیم و رفتیم"

خزمەتگوزاری گەل و نیشتمان
قازی محەممەد



دوای تەواوبوونی قازی محەممەد لە نووسینەوەی وەسیەتنامەكەی بە دادستانی گوت حەز دەكەی گوێ بگرە بۆت بخوێنمەوە! دادستان گوتی پێویست ناكات! قازی محەممەد گوتی: "باشە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە شەرعی ئیسلامدا لەداردران كارێكی ناپەسندە، كە دەمكوژن تیربارانم بكەن!". دادستان ئەو داوایەی لێ قەبووڵ نەكرد، چونكە بڕیاری دادگا، خنكاندن بە پەت بوو. ئینجا قازی محەممەد گوتی: "نوێژ دەكەم و دەستوراتی بەرلە مردن جێبەجێ دەكەم!". ئیزنیان پێدا. بەرلەوەی بچێتە ژێر پەتی سێدارە، ڕووی لە قیبلە كردو هەردوو دەستی بەرزكردەوەو لە خوا پاڕایەوە بە دەنگێكی بەرز گوتی: "خودایە، تۆ خۆت شاهیدی كە من لە خزمەت بەو میللەتەدا هیچ خۆم نەبواردووەو

کەم و کورپیم نەکردووە! خودایە تۆ شاهیدی کە من هەرچییەکم لەدەست هاتبێ لە ڕێگای تۆدا و لە پێناوی ڕازیبوونی تۆدا کردوومە! خودایە بە گەورەیی خۆت تۆڵەی مەزلۆمان لە زاڵمان لەو دنیایە و لە قیامەتدا بستێنەوە! کە دەزانم هەروایە، ئەی خودای ئاگادار لە هەموو شتێک، هەموو میللەتانی ژێرچەپۆک و میللەتی کورد لەژێر چنگی ئەو زاڵمانە ڕزگار بکە!".

دواتر کیومەرس دەڵێ: "ئەو ڕێوڕەسم و لەخوداپاڕانەوەیش نزیکەی بیست دەقیقەی کێشا. هەروەها ئەو وشانەی کە قازی محەممەد بە کوردی دەیگوتن، واتا فارسییەکەیم لە مەلا کوردەکە دەپرسی کە لەوێ ئامادە بوو". لەدوای ئەم مەراسیمانە، قازی محەممەدیان بردە ژێر پەتی سێدارە و لە داریان دا. زیاتر لە دوو دەقیقەی نەکێشا کە قازی محەممەد گیانی سپارد.
کاتژمێریش ببوو بە 4ی پاش نیوەشەو. ئینجا ئاماژەیان بە ئەو لۆرییە کرد کە محەممەد حوسێن سەیفی قازی، وەزیری جەنگی کۆماری کوردستانی تێدا بوو، بێتە مەیدان. سەیفیشیان هێنایە ژوورەکەوە. کە چاوی بە دادستان و مەلا و سەرۆکی بەهداری کەوت، یەکسەر زانی کارەسات چییە، بەڵام هیچ تێک نەچوو، نەگۆڕا و نەشێوا. دادستان حوکمی دادگای خوێندەوە. پێی وت کە دەتوانێ وەسیەتنامەیەک بۆ خۆی بنووسێ. ئەویش چووە پشتی مێزەکەو تەواوی وەسیەتنامەکەی خۆی لە10 لاپەڕەدا نووسی، کە تا ئەو کاتە خەریک بوو بەیانی دادەهات. کاتێک بەرەو مەیدانیان بردو هەر کە چاوی بە قازی محەممەد کەوت، کەوا لە دوورەوە لە دار دراوە و لاشەکەی بە هەواوەیە، یەکسەر دەستیکرد بە درووشمی شۆڕشگێڕانە بە زمانی کوردی و بە مست و پێلاقە کەوتە سەرو گوێلاک و گیانی ئەفسەرو سەربازەکان. لێدانی بەر هەر سەربازێک دەکەوت، دەیخست. نەعرەتەی سەیفی قازی وەک نەڕاندنی شێر وابوو. تەواوی خەڵکی دەوروبەر نزیک چوارچرای لەخەو ڕاپەڕاند. دەیگوت:
بژی قازی محەممەد!!
بژی کورد!
بژی ئێستقلالی میللەتی کورد! ئێمە دە مرین، بەڵام کورد هەرگیز نامرێ! خەیاڵتان خاوە!!".

لەبەر ئەوەی دەنگی محەممەد حوسێنخان سەیفی قازی خۆی گەورە بوو و خۆیشی زۆر بەهەیبەت و نەترس بوو، تا گەیاندیانە ژێر سێدارە، چەند کەسێکی بە مست و پێلاقە خست. زۆر کەس لە دەنگی ئەو لە خەو ڕاپەڕیبوون. بەڵام چونکە هەر لە ئێوارەوە باری نائاسایی و قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندرابوو، کەس زاتی لە ماڵ وەدەرکەوتنی نەکرد. دوای ئەوەی بە دارەوەیان کرد، دوای دوو دەقیقە پەتی سێدارە پچڕاو کەوتە خوارەوە. دووبارە بەرزیان کردەوەو هێشتا نەعرەتەی دەکێشا. ئینجا

بردیانە بن داری سێیەم کە بۆ سەدری قازی ئامادە کرابوو. دووبارە هەڵیانواسییەوە. سەعات ببوو بە پێنجی بەیانی. دنیا تەواو ڕووناک ببوو.

نۆرە گەیشت بە ئەبولقاسم سەدری قازی، بەڵام لەبەر ئەوەی زیاتر لە چەند کاتژمێرێک بوو لەنێو کامیۆندا لە چاوەڕوانیدا مابۆوە، گێژو وێژ ببوو. هەروەها، چونکە لە شوێنی لەسێدارەدانەکەش دوور نەبوو، دەبێ گوێشی لە نەعرەتەکانی سەیفی قازی بووبێت، بۆیە تا ڕادەیەک تێگەیشتبوو کە کارەسات چییە. کاتێک دایانبەزاندو هاتە ژوورەکەوە، دادستانو مەلاو ئێمەی بینی، دەستیکرد بە پاڕانەوە و گوتی: "ئاخر من هیچ گوناهێکم نەکردووە، تکا دەکەم بمنێرن بۆ تاران با کاری من باشتر ڕوون ببێتەوە!".
ئاخوند یا مەلای مەهابادی پێی گوت:"عەیبە، ڕامەکە، مەپاڕێوە! پیاوانە وەکو ئەوانی دیکە بە! تازە پاڕانەوە هیچ دەردێک دەرمان ناکا! حوکمی دادگایە و دەبێ جێبەجێ بکرێ! جا بۆچی پیاوانە نەمری!؟ مەردانە ژیاوی و مەردانەش بمرە! بۆ دڵی دوژمن بە خۆت خۆش دەکەی!؟ ئەوانە دوژمنکارانە ئێوە لەدار دەدەن!".
ئەو قسانەی مەلا زۆری کار لێکرد، بۆیە دانیشتو دەستیکرد بە نووسینی وەسیەتنامە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، سەروان کیومەرس ساڵح باسی ناوەڕۆکی وەسیەتنامەکەی سەدرو سەیفی قازی نەکردووە، مەگەر دڵسۆزان و هۆگرانی مێژووی کوردی لەنێو ئەرشیڤخانەی ئەرتەشی ئێراندا هەلی ئەوەیان وەدەست بکەوێ دەقی ئەو وەسیەتنامانەش بدۆزنەوە و ساخی بکەنەوە. دواتر کیومەرس ساڵح دەنووسێ: "کە وەسیەتنامەکەی تەواوکرد، بەرەو مەیدانی لەسێدارەدانیان برد. کاتێک چاوی بە تەرمی قازی محەممەد و سەیفی قازی کەوت، حاڵی تێک چوو و بورایەوە و نەیتوانی خۆی بە پێوە بگرێ، ناچار هەر بەو حاڵەوە بە باوەشی سەربازانەوە پەتیان لە ملی کرد.
ئەویش لە دار دراو کارەساتی لەسێدارەدانی هەرسێ سەرداری کورد کۆتایی هات.

دوای لەسێدارەدانیان، ئەو ئۆتۆمبیلەی کە ئێمەی لە تارانەوە هێنابوو، ئامادە بوو. هەندێک دوورتر لە مەیدانی چوارچرا وەستابوو. پێشتر شتومەکی ئێمە لەناو ئۆتۆمبێلەکە بارکرابوو. بە پەلە هەیئەتی دووبارە پێداچوونەوەو دادگاییکردنو منو چەند سەربازێک سواری ئۆتۆمبێلەکە بووینو بەرەو میاندواو و تەورێز وەڕێ کەوتین. کاتژمێر ١٠ ی پێشنیوەڕۆ گەیشتینە میاندواو. قەت باوەڕم نەدەکرد کە بەرپرسو ڕێبەرانی کورد ئەوەندە بەجەرگ و بە گیرەتو ڕەشید بن. تا ئێستاش دەنگی قازی محەممەد کە دەیگوت: " خودایە جەزای مەزلومان لە زاڵمان وەربگرەوە، یاخود نەعرەتەی سەیفی قازی کە تەواوی ئەو مەیدانەو دەوروبەری پڕ کردبوو، زللە و پێلاقەی لە ئەفسەرو سەربازان دەدا، لەبەرچاوە و لە گوێم دایە. هەر لە دوورڕا توانیم چەند وێنەیەکی لێبگرم و نەموێرا لێی نزیک ببمەوە. دوای لەسێدارەدانیان هەر لە دوورەوە وێنەم بە هەڵواسراوی لێگرتن. پێم وابوو دۆعاکانی قازی محەممەد قەبووڵ

دەبن، بەڵام نازانم کەی و چۆن⁉

هەموو ئەو نووسینەی سەرەوە کە لەبەر دەستتاندایە، لە ژمارە ٦١ی ماهنامەی ئەرتەش، ساڵی ١٣٢٥دا، (١٩٤٦ی زایینی) بەو شێوەیە نووسراوە و چاپ کراوە. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە لە وەسیەتنامەکەدا زۆر پاراگراف و ڕستەی ڕەش کراوەتەوە کە دڵنیام ئەمە بە ئەنقەست کراوە، بەڵام لەو بڵاوکراوەی کە بە ناوی "وێژەنامە" بەتایبەت و بە شێوەی نهێنی و بۆ ئەفسەرانی ئەرتەش و شوێنی تایبەت چاپ دەکرا، کەچی جێگەی هەندێ جێگەی سانسۆر کراوە، بەڵام کەمتر شوێنێکی لادراوە و دادگاییکردنی هەرسێ قازییەکانی بەتەواوی تێدا نووسراوە.

لە ژمارەیەکی دواتری ئەو گۆڤارەدا، سەروان کیومەرس ساڵح دەڵێ: "بە بەهانەی دژی ئەمنیەتبوونی من وێژەنامەکەشم ئیزنی بڵاوکردنەوەی وەرنەگرت". هەروەها لە کۆتایی نووسینەکەیدا دەڵێ قازی محەممەد بە مەلای گوت: "بەیانی ئەو وەسیەتنامە و ئامۆژگارییانەم بدە بە خەڵکی شاری مەهاباد!". قازی محەممەد ئامۆژگارییەکانی دا بە مەلاکە، بەڵام دوابەدوای بەدارەوەکردنی قازییەکان، دادستان نووسراوەکەی قازی محەممەدی لە مەلا کوردەکە ستاندەوە و دای بە من و گوتی: "ئەمە لە داوڕۆژدا دەبێتە فیتنە!". منیش وا لە وێژەنامەکەدا چاپم کرد، بەڵام دواتر پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی کرا.
پێویستە ئاماژە بەوەش بدەم کە وەسیەتنامەی بنەماڵەیی و وەسیەتنامە و ڕاسپاردەکانی دەستخەتی قازی
محەممەد بۆ گەلی کورد، هەردووکیان لە نامەخانەی ئەرتەشی ئێراندا پارێزراون، واتە لە بایەگانی نیگارخانەی میللی ستادی ئەرتەشدا لەگەڵ هەموو ژمارەکانی ئەو ماهنامەیەو وێژەنامەی تاUکیانیدا. جگە لەمانە، تەواوی بەڵگەنامەی دادگایییەکانی ئەفسەرو سەرانی ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی سەرتاسەری ئێران، بۆ نموونە تەواوی نێوەرۆکی دادگاییکردنی ئەفسەرانی خۆراسان، ئازەربایجان، قەزوین، شیراز، ئەسفەهان و تاران و دادگاییکردنی ئەفسەرە تودەییەکان و ڕاپەڕینی ئەرتەشی شاهەنشاهی و نیروی هەواییو جەبهەی میللی و لایەنگرانی دوکتۆر موسەدق و سوورەیای ژنی شا لەگەڵ ئەردەشیری زاهیدی کۆنە زاوای شای ئێران لەو نامەخانەدا وەک خۆیان پارێزراون.

---

سەرچاوە:

- وێژەنامە تاU کیانی، وێژەی ستادی ئەرتەش.

ـ گۆڤاری ماهنامەی ئەرتەشی ئێران، ژمارەکانی ٤٤ تا ٧٥.

تێبینی پێدەڤی: دەقی ئەم دادگاییکردنە، وەچنگ برای بەڕێزمان م.م. لە بۆکان، کەوتووە کە بەهۆی بارو دۆخی تایبەتییەوە نەمانتوانی ناوی ڕاستەقینەی بڵاوبکەینەوە. بەڕێزیان لە بۆکانەوە زەحمەتی بە کوردی کردن و ناردنی بۆ کاک حەیدەر ڕەواندزی کێشا بوو. ئێمەش وەک گۆڤاری خەباتی قوتابیان خستمانە بەر دە ستی برای ڕۆژنامەنووس کاک بەدرەدین سالّح و زەحمەتیان کێشا دووبارە پیای چوەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوەو ئامادەی کردووە. هیوادارین لە داهاتوویەکی زوودا بتوانین بیکەین بە کتێبێکی سەربەخۆ، وێنەی ئەو دەستنووسەی لە گۆڤاری ماهنامە و تاU کیانیدا بڵاوکراوەتەوە گشتی دە ستمان بکەوێ و ئەویش بڵاو بکەینەوە.

ئەم نووسراوەیە لە گۆڤاری خەبات وەرگیراوە.